**وەزارەتی خویندنی بالاو تویژینەوەی زانستی**

**زانکۆی : صلاح الدين - هەولێر**

**کۆلێژی: پەروەردەی بنەرەتی**

**بەشی : باخچەی مندالان**

**قۆناغی : سێ**

# پیوانەو هەلسەنگاندن (القياس والتقويم)

# *Measurement & Evaluatio*

**ئامادە کردنی**

**پ.ی.د.سلوى أحمد أمين**

**کۆلیژی پەروەردەی بنەرەتی / زانکۆی صلاح الدين**

**2023-2022**

## پێوانەو هەلسەنگاندن     (القياس والتقويم)

### پێشەکی (المقدمه) :

پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن پرۆسەیەکی فرە ڕەهەندو ئاڵۆزە، هەر ڕەهەندەی پێویستی بەتوێژینەوەی تایبەتە، بۆ لێ تێگەیشتن‌و شرۆڤەکردن‌و لێکدانەوەی پێشهات‌و دەستکەوت‌و دەرئەنجامەکانی، بە مەبەستی برەودان‌و رزگارکردنی لە چەق بەستوویی، **پێوانەو هەڵسەنگاندنی** پەروەردەیش یەکێکە لەو بوارە گرنگانەی کە پەیوەندیەکی پتەو دانەبڕاوی بە کردەی پەروەردەوە هەیە، زیاتر لەوەش بە بنەمایەکی سەرەکی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن دادەنرێت، بە جۆرێك پێشکەوتنی بوارەکە پەیوەندی بە ئاستی بەرەو پێشچوونی ئەم بابەتەوە هەیە، ناکرێت هەنگاوی چاکسازی بنرێت بە بێ ئەنجامدانی کردەی هەڵسەنگاندن، کە بەشێوە ئامرازە جیاوازەکانی پەنجە لەسەر گرفتەکان دادەنێت‌و پێشنیاری باشترکردن‌و چارەسەر دادەنێت.

بەڕاستی تاراپەك نەشارەزایی‌و دووركەوتنەوە لە بابەتە دەروونیەکان بەگشتی پێوانەو هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی بە تایبەت گرفتی زۆری لەبەردەم پرۆسەی پەروەردەدا دروست کردووە، گرنگە مامۆستایان لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی سەردەم‌و ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر پرۆگرام‌و ئەو پێشکەوتنانەی ئەمرۆ لە ولاتانی پێشکەوتوودا بەسەر ئەم بوارەدا هاتووە، لێی بە ئاگا بن‌و سود لە تیۆرو شێوازی وانە گوتنەوەو ئەزموون‌و تاقیکردنەوەکان وەربگرن، هەروەها ئاشنابوون بە شێوازەکانی هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی‌و شیکردنەوەی دەستکەوت‌و خوێندنەوەی باری دەروونی فێرخوازو پەی بردن بەو گرفتانەی کە دەبنە رێگر لەبەردەم بەرەو پێچوونی فێرخوازو بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی‌و پەروەردەییان.

گومانی تێدانیە پرۆسەی هەلسەنگاندن مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە لەو رۆژەوە مرۆف مرۆڤ راست و چەپی خۆی زانیوە بەکاری هەلسەنگاندنی شت و دیاردەکانی چواردەوری هەلساوە ،واتە زانیویەتی وەرزی زستان ساردو وەرزی هاوین گەرم و هەندێك شت رەق و هەندێکی تر نەرم ،یان گۆشتی ئاژەلێکی تر .دواتر کاتیك مرۆڤ فێری پیشەو کارێك بوو لە کاتی کارکردن و راهێنانـدا ،توانیویەتی لێهاتووی شاگردو کەسانی تری چواردەوری هەڵبسەنگێنی و بلی ئەم باشترو زیاتر گرنگی بە پرۆسەی پێوانەو هەلسەنگاندن دراو لە رێگەیەوە تواناو لێهاتوویی و خاڵە بەهێزو لاوازەکانی فێرخوازەکانی پێ دیاریدەکرا

پێش هەزارەها ساڵ **چینیە کۆنەکان** تاقیکرنەوەی جۆراو جۆریان بۆ هەڵسەنگاندنی توانای تاکەکانیان و هەڵبژاردنی سەرکردەو لێپرسراو و بەرێوەبەرو فەرمانبەری سەرکەوتوو بلیمەت بەکارهێناوە ، هەروەها **لەکۆمەڵگای یۆنانی کۆن** فەیلەسوفەکانی وەك (سوقرات و ئەفلاتۆن و ئەرستۆ )فێرخوازەکانی خۆیان هەڵسەنگاندوە لە رێگای زارەکی و پرسیاری جۆراو جۆرەوە،تواناو لێهاتوویەکانیان دیاریکردووە.

ئیتر بەم شێوەیە مرۆڤ لە سەرجەم قۆناغەکانی ژیانی و لە هەموو کۆمەڵگاکان پێویستی بە پێوانەوهەڵسەنگاندن بووەو بەکاری هێناوە،هەر چەندە لە سەرەتادا جۆری تاقیکردنەوەو کەرەستەو ئامێرەکان سادەو ساکارو هەندێك جاریش کرچ و کاڵ بوون ،بەلام لەگەل هەمو ئەو کەم و کورتیانە ،هەر بەکاریان هێناوەو لەژیانی رۆژانەدا سوودیان لێوەرگرتوون ،سەرەتا زۆربەی تاقیکردنەوەکان زارەکی بوون دواتر بوون بە نووسین ،یەکەم جار زیاتر بۆ هەڵسەنگانی کارو چالاکی و پیشەو فێروون بەکار دەهات ،دواتر گەشەی کردوو پەل و تەرزی هاوێشت بۆ بواری پێوانەکردنی زیرەکی و کەسایەتی و حەزوو ئاراستەو بەهرەو داهێنان .

جێگای خۆیەتی کە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەین ،ئەویش ئەوەیە کە (**ئەلفرید بینیە** )ی فەرەنسی یەکەم کەسە کە لە سالی (1905)بە هاوکاری (سیمۆن)ی هاوەڵی یەکەم زیرەکی پێویان ئامادەکردو بە مەبەستی پێوانەکردنی زیرەکی و لێهاتوویی و توانای فێربوونی فێرخواز ،بەکاریان هێناو لە رێگاەیەوە مندالّ و فێرخوازە مام ناوەندی یان دواکەوتوو بیرکۆڵەکان جیادەکردەوە،ئەم زیرەکی پیوو تاقیکردنەوەی بیینیە بوو بە سەرچاوەو هاندەر بۆ لە دایك بوون و دانانی چەندەها ئەزموون و تاقیکردنەوەو زیرەکی و بەهرە پیو.

## پێوانەکردن و جۆرەکانی و ئاستەکانی :

**لكل شيء مقدار .... وكل ما موجود بمقدار وجب قياسه (ثورندايك)**

( ستیڤنز ) ( Stevens ) **پێناسەی پێوانە** دەکات و دەڵێت: **پێدانی نرخە بە ژمارە (إعطاء قيمة رقمية)** بۆ هەر خەسڵەتێك بە شێوەیەك کە بڕی ئەو خەسڵەتە دیاری بکرێت پشت بەست بە چەند مەرجێك یان بنەمایەك یان ڕۆڵێکی دیارکراو، وەیان بریتییە لە وەسفکردنی دیاردەو شتەکان بەبەکارهێنانی ژمارەکان¨

**هەروەها** ( کینیث Kenneth): پێی وایە پێوانە خەملاندن لەخۆ دەگرێت واتە ئەو کردارەیە کە لە پێناویدا جیاوازی شتەکان دەستنیشان دەکرێت و جیادەکرێنەوە

هەرچی **پێوانەی ناو پۆلیش** (القياس الصفی) ئەوا بریتییە لە کۆمەڵێك کردارو رێکار(إجراءات) کە بە ژمارە یان بە هێما و بە پشت بەستن بە ڕۆڵێکی دیاریکراو دەربڕین لەسەر ڕەوشتی فێرخوازەکە دەکرێت، ئەو ڕەوشتە نیشانەی ئەنجامدانی کردارەکانی فێرکردنە، واتە دوور کەوتنەوەیە لە خەملاندنی هەڕەمەکی، کەواتە پێوانە وەسفێکی زۆر ووردترە لە خەملاندن و بابەتیە و بەئاسانی بەراورد لە نێوانیاندا دەکرێت.

**هەرچی زاراوەی خەملاندنە**، ئەوا بەمەبەستی پێوانەکردنی دیاردەو شتەکان پشت بە پێشبینی دەبەستێت، کە وردی و ڕاستی ڕێژەیی تێدایە لەوانەش تێدا نەبێت، چونکە پێوەرێکی دروست بۆ پێوانەکردنیان بەکارناهێنرێت، ئەوە سەرباری ئەوەی کە هەر لەخودی پێوانەی لایەنی دەروونی تاك توشی چەندین گرفت دەبینەوە،

بۆ نموونە بۆ دیاریکرنی ئاستی هاروهاجی فێرخوازێك پشت بەوە ببەستین، کە ئەگەر فێرخوازەکە بە پێکهاتەی جەستەی گەورە بوو پێمان وابێت لەوانەی بەجوڵەو هاروهاج بێت، بە پێچەوانەوە ڕەنگە لە پۆلدا زۆر نەرمو نیان و ئارام بێت، کە ناکرێت بەخەملاندن بڕیار لەسەر سیفەتی تاکەکان بدەین، چونکە لەوانەی خەملاندنەکە دروست نەبێتو خانەوەنی سیفەتی پێچەوانەبێت،

ئەو زانیاری وداتایانەی کە بە پێوانەکردن دەستمان دەکەون ورترو ڕاسترن لەوانەی لە ڕێگەی خەملاندنەوە دەستمان دەکەون، کە بەکورتی دەکرێت بەراوردی نێوانیان بەم شێوەیە بخەینە ڕوو:

**خشتەی ژمارە (1) جیاوازی نێوان پێوانەکردن و خەملاندن**

| پێوانەکردن | خەملاندن |
|---|---|
| 1-پشت بە ئامراز (پێوەرێك) دەبەسرێت بۆ پێوانەکردنی دیاردەو شتەکان بۆ نموونە وەك (تاقیکردنەوەکان ، مەتر، کیلۆگرام..) 2-ئەنجامەکەی وردترو باوەڕپێکراوترە، بەتایبەت پێوانەی شتە مادییەکان. 3-ئەو داتاو زانیاریانەی کە بەهۆی پێوانەکردنەوە دەستمان دەکەون ڕاسترن زۆر سودمەندترە بۆ بڕیاردان. | 1-پشت بە پێشبینی یان خەملاندن دەبەسترێت، بۆ دیاریکردنی بڕو چۆنیەتی خاسیەتی شتەکان. 2-ئەو ئەنجامەی دەستمان دەکەوێت گریمانەییە، وردو دەقیق نییە. 3-لەکاتێکدا خەملاندنی خەسڵەتی شتەکان بڕیاری دڵنیایی و کۆتایی نین. |

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا **چەند هۆکارێك هەن کە کار لەوردی پێوانەکردن دەکەن**، بەجۆرێك لەجۆرەکان کاریگەریان لەسەر ئەنجامەکەی دەبێت، کەئەمەش دەکەوێتە سەر چەند بنەمایەك، کە وردی پێوانەکردنیان لەسەر بەندە، لەوانە:

1-**جۆری ئەو دیاردەی کە دەمانەوێت پێوانەی بکەین،** بۆ نموونە دیاردە سروشتیەکان و شتە بەرجەستەکان، کە ڕاستەوخۆ پێوانە دەکرێن ئەنجامەکەیان وردترو ڕاسترە، بەڵام پێوانەکردنی دیاردە دەروونییەکان ئەنجامی دڵنیایی نین و ناڕاستەخۆ پێوانە دەکرێن.

2-**جۆری ئەو ئامرازەی کە بۆ پێوانەکردن بەکار دەهێنرێت**، کە تاوەکو پێوەرەکە وردتر بێت ئەنجامەکەی دروستر دەبێت.

3-**ئامانج لە پێوانەکردن**، بۆ نموونە تا ئامانجەکە گەورەتر بێت ئەوە هەوڵدان زیاتر دەبێت، وەك ئەوەی بمانەوێت پێوانەی بڕی زیرەکی(5) فێرخواز بکەین کە ئاسانترە لە (100) فێرخواز.

## 2. جۆرەکانی پێوانەکردن :

أ.**پێوانەکردنی ڕاستەوخۆ**: بریتییە لە پێوانەکردنی خاسیەتی شتە دیارەکان کە بوونی ماددیان هەیە لەگەڵ دیاردە سروشتەکان ، کە پێوانەکردنیان ئاشکرا و بەرچاوە و ئەنجامەکەیان وردتر و ڕاسترە ، کە ڕاستەوخۆ بە بەکارهێنانی پێوەرێك پێوانە دەکرێن ، وەك پێوانەکردنی باڵای کەسێك کە ( مەتر ) بۆ پێوانەکردنیان بەکاردەهێنرێت و ئەنجامەکەشی بە دڵنیاییەوە دیاری دەکرێت ، و باری دەروونی و ئارەزووی کەسەکان کارناکاتە سەر ئەنجامەکەی .

ب- **پێوانەکردنی ناڕاستەوخۆ** :بریتییە لە پێوانەکردنی دیاردە دەروونیەکان ، کە بوونی ماددیان نیە و ناتوانرێت راستەوخۆ پێوانە بکرێن ، وەك ( شەرم و ترس و ئازایەتی و دڵسۆزی و زیرەکی و ... ) کە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ لەسەر دەرئەنجانم و شوێنەوارەکانیان و لە ڕێگەی ڕەفتار هەڵسوکەوتی دەرەکیەوە بڕیاریان لەسەر دەدرێت ، بۆ نموونە زیرەکی ڕاستەوخۆ پێوانە ناکرێت ،

بەڵکو دەکرێت پشت بەستن بە تاقیکردنەوە ئاستی زیرەکی و نازیرەکی کەسەکانمان بۆ دەربکەوێت ، ئەنجامەکانی ئەم جۆرە پێوانەکردنەش ورد نین ، چونکە دیاردە دەروونیەکانی شتی هەست پێکراو نین و گریمانەیی و ئاڵۆزن ، سەرباری ئەوەی باری دەروونی و کەسی کار لە ئەنجامەکەی دەکات .

خشتەی ژمارە (2) بەراوری نێوان پێوانەکردنی راستەوخۆ ناراستەخۆ

| ژ. | پێوانەکردنی ڕاستەوخۆ | پێوانەکردنی ناڕاستەوخۆ |
|---|---|---|
| 1 | ڕاستەوخۆ بە بەکارهێنانی پێوەرێك دەپێورێت و پێوانە دەکرێت . | بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێوانە دەکرێن . |
| 2 | بۆ پێوانەکردنی شتە بەرجەستە و دیاردە سروشتیەکان بەکاردەهێنرێت . | بۆ پێوانەکردنی دیاردە دەروونیەکان کە ئەوانەی هەست پێکراو نین و چەمکی نادیارن ( زیرەکی و شەرم و .. ) بەکاردەهێنرێت . |
| 3 | میزاج و باری دەروونی کاریگەری لەسەر ئەنجامەکەی نابێت . | ئارەزوو میزاجی تاك کاریگەریان لەسەر ئەنجامەکان هەیە. |
| 4 | ئەو داتا و زانیاریانەی کە بەهۆیەوە دەستمان دەکەون وردن ، ئەنجامەکەی ورد و ڕاستگۆیانەیە | داتا و زانیاریەکان لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر ، لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر دەگۆڕێن ، ئەنجامەکەی زۆر ورد نین و ڕێژیین . |
| 5 | بە ئاسانتر ئەنجام دەدرێت . | بە ئاسانی ئەنجام نادرێت و تێچوی ( ماددی و ژیری و کاتی ) ی پێویستە . |
| 6 | ئامێر و ئامرازەکانی وەك ( مەتر و کیلۆگرام و پەستان پێو و ... ) | ئامرازەکانی وەك جۆری تاقیکردنەوەکان و هەڵچوونەکان ئامرازن بۆ پێوانەکردن . |

## 3ـ ئاستەکانی پێوانەکردن :

**1.پێوانەی ناولێنان ( الاسمی** :<u>Nominal Measurement</u> کە بە پێوانەی پۆلێنکردنیش دەناسرێت:

بە سادەترین و ئاسانترین جۆری ئاستەکانی پێوانەکردن ئەژماردەکرێت ، چونکە لەم جۆرە پێوانەکردنەدا ، تەنها ناو لە شتەکان یان تاك دەنرێت ، واتە بریتییە لە پۆلێنکردنی تاك و یەکە و شتەکان بۆ چەند جۆرێك کە بەگشتی لەگەڵ گۆڕاوە چۆنیەتییەکان بەکاردەهێنرێت ،بۆنموونە **ژمارەی یاریکەران ، ژمارەی شەقام ، پۆلێنکردنی تاکەکان بۆ بەختەوەر و غەمگین** ،... هەموو ئەو یەکەو شتانەی وەك یەکن و سەر بەیەك گروپن ناویان لێدەنرێت یان ژمارەیان دەدرێتێ ، واتە لەم جۆرە هیچ پێوانەیەك ناکرێت تەنها ئەوە نەبێ کە ناویان لێ دەنرێت یان پۆلێن دەکرێن ، وەك پێدانی ژمارە ( 1 ) بۆ کوڕ و ژمارە ( 2 ) بۆ کچ ، لێردا ژمارەکان هیچ بەها و نرخێکیان نیە بۆیە ئاساییە پێچەوانەشی بکەینەوە .خەسڵەتی ئەم جۆرە

پێوانەکردنە ئەوەیە کە ژمارەکان هیچ بەها و نرخێکیان نیە و تەنها بۆ ناسینەوە یان جیاکردنەوەی شتەکان بەکارهاتوون ، وە هەر چوار کردارەکەی بیرکاری هیچ مانا و بەهایەکیان نیە و بەکارناهێنرێن .

پێوانەکردنی ناولێنان = جیاکردنەوە

## 2.پێوانەی پلەیی ( القیاس الرتبی ) ( Ordinal Measurement )

بریتیە لە پۆلێنکردنی یەکە و شتەکان بۆ چەند گروپێکی جیاواز بەپێی سیستەمێکی دیاریکراو ، بەشێوازی لە سەرەوە بۆ خوارەوە ( تنازلی ) وەك ( 1،2،3،4 ) یان لە خوارەوە بۆ سەرەوە ( تصاعدی ) وەك ( 4،3،2،1 ) ، ئەمەش کاتێك بەکاردەهێنرێت کە جیاوازی لە نێوان یەکە و شتەکاندا لە بڕ یان چەندیەتی و چۆنیەتی و ئاست و ژمارەی یەکەدا .. هەبێت ،لێرەدا دابەشکردنەکە هەرەمەکی نیە و ریزکردنی ژمارەکان مانا و بەهایان هەیە ، و مەرج نیە یەکسانی لە نێوان جیاوازی پلەکاندا هەبێت ، واتە جیاوازی نێوان پلەی یەکەم لەگەڵ دووەم هەمان بڕی جیاوازی نێوان دووەم و سێیەم بێت ، لەبەر ئەوە کردارەکانی ( کۆ ، کەم ، دابەش ، لێکدران ) سوودی نیە و مانایەکی زانستی نادات بە دەستەوە وەك ئەوە بڵێین زیرەکی یەکەم بریتییە لە کۆی دووەم و سێیەم ( 2+3=1 ) لە کاتێکدا لە بیرکاریدا دەکاتە ( 5 ) .

**پێوانەکردنی پلەیی = جیاکردنەوە + ڕیزکردن**

## 3- پێوانەی نێوانەیی یان ناو بەناو (القیاس الفاصل ) ( **(Measurement Interval)** )

هەندێك جار پێوانەی ماوە یان دووریشی پێدەوترێت ،کاتێك ژمارەکان بۆ جیاکردنەوەی شتەکان و زانینی جیاوازی بڕ و بەهاکانیان و دیاریکردنی نمرە و دووری نێوان شتەکان بەکاردەهێنرێت ئەوە مانای ئەوەیە کە ئێمە جۆرێکی تر لە پێوانەکردن بەکاردەهێنین ، ئەویش پێوانەکردنی ناو بە ناو یان زانینی دووری و مەودای نێوان دیاردەکانە .

لەم جۆرە پێوانەکردنەدا سەرەرای زانینی جیاوازی نێوان پلە و بڕەکانی ئەوا درك بە جیاوازیە یەکسانەکانی نێوانیشیان دەکات ، بۆ نموونە سیستەمی پێوانەکردنی پلەی گەرمایە ، هەروەها پێوانەی ڕێژەی زیرەکی و بڕی فێربوونی فێرخواز .

بۆ نموونە کاتێك دەڵێین پلەی گەرمای ئەمڕۆ 0 25 ) پلەیە ، بەڵام پلەی گەرمای دوێنی ( 20 ) پلە بوو ، هەروەها پلەی گەرمای پێش هەفتەیەکیش ( 18 پلە بوو ، ئەوا ئەم ژمارانە مانای تایبەتی خۆیان هەیە و جیاوازی نێوان پلەی گەرمای سێ ڕۆژمان بۆ ڕوون دەکاتەوە ، لەبەر ئەم ژمارانە زۆر شتمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ، لەوانە پلەی گەرمای ئەمڕۆ ( 5 ) پلە زیاترە لە پلەی گەرمای دوێنێ ، وە پلەی گەرمای دوێنێ ( 2 ) پلە زیاترە لە پێش هەفتەیەك ، وە پلەی گەرمای ئەمڕۆش ( 7 ) پلە زیاترە لە پێش هەفتەیەك ،لێرەدا هەردوو پرۆسەی ( کۆکردنەوە و لێدەرکردن ) بە ئەنجام دەگەیەنرێت ، لە گرنگترین فاکتەر کە

دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە کاتی کۆکردنەوە و لێدەرکردن خاسیەتی ئەم جۆرە پێوانەکردنە وەك خۆی بمێنێ ، بوونی سفری ڕێژەییە نەك ڕەهاو موتلەق ، ( سفر ) یش وەك ژمارەکانی تر بەهای هەیە و لە ژێر سفریشەوە ژمارەی تر هەیە ، و سفرە مانای نەبوونی خاسیەت و سیفاتەکە ناگەیەنێت .

**<u>پێوانەکردنی نێوانەیی = جیاکردنەوە + ڕیزکردن + دیاریکردنی ماوەی نێوانیان</u>**

**4. پێوانەکردنی ڕێژەیی (القیاس النسبی) <u>Ratio Measurement</u>**

ئەم جۆرە پێوانەکردنە ، هەموو خاسیەت و ڕەهەندەکانی پێوانەکردنی نێوانەیی هەیە ، بەڵام جیاوازی سەرەکی نێوانیان ئەوەیە لەم جۆرە پێوانەدا ( سفر ) ڕەهایە واتە مانای نەبوونی شتەکە دەگەیەنێت بۆنموونە کە دەڵێین داهاتی فلانە کەس سفرە واتە هیچ داهاتێکی نیە ، ئەم جۆرە پێوانەکردنە بۆیە ئەو ناوەی لێنراوە چونکە ڕێژەی ژمارەکان لەگەڵ یەکتریدا مانای هەیە ، بەپێچەوانەی پێوانەکانی ترەوە کە ڕێژەکانیان مانا و بەهای زانستیان نیە . لەم جۆرە ( سفر ) بەها و نرخی نیە و لە خوار ( سفر ) هیچ بەها و ژمارەی تر نیە .

لێرەدا کۆکردکردنەوە و لێدەرکردنی ژمارەیەك لە بەها و نرخی ژمارەکان دەبێتە هۆی گۆڕانکاری بەڵام جاران و دابەش دەتوانرێت ئەنجام بدرێت بێ ئەوەی هیچ خاسیەتێك لەناو بچێت .

**<u>پێوانەکردنی ڕێژەیی = جیاکردنەوە + ڕیزکردن +یەکسانی نێوان ماوەکان +دیاریکردنی ڕێژەیان</u>**

## جیاوازی نێوان پێوانە لە زانستە پەروەردەکان و زانستە سروشتیەکان. Differences between Measurement in the Educational & Natural Sciences

1-پێوانە لە **زانستە سروشتیەکان** ڕاستەخۆیە وەك ( سم,م,....هتد) بەڵام لە **زانستە پەروەدەییەکان** نا ڕاستەخۆیە و هەموو دیاردەکان گریمانەنیە

2-پێوانە لە **زانستی سروشتی** هەلس و کەوت دەکات لەگەل شت و مەکە بێگانیەکان. بەڵام لە **زانستی پەروەدەییەکان** لە ڕەوشتی تاك دەکۆلیتەوە

-3-پێوانە لە **زانستی سروشتی** دیارکراوە چونکە ڕاستەخۆیە. بەڵام لە **زانستە پەروەدەییەکان** دیارکراو نیە چونکە ناڕاستەوخۆیە

4-پێوانە لە **زانستە سروشتیەکان** زانستێکی تەواوە و ڕێژەی هەلە 1٪ تێدایە . بەڵام لە **زانستە پەروەدەییەکان** پێوانە تەواو نیە و ڕێژەی هەڵەی ناسراو ڕێژەکەی 5٪.

5-لە **زانستە سروشتیەکان** (سفر) ڕەهایە جونکە پێوانە دیارکراوی تەواوە. بەڵام لە **زانستە پەروەدەییەکان** (سفر گریمانیە.

6-له **زانسته سروشتیه‌كان** كه‌رسته‌كانی پێوانه ئاماده‌كراو جێگیره وه‌ك (كغم ,غم,سم,م...هتد) به‌لأم له **زانسته په‌روه‌رده‌كان** كه‌رسته‌كانی پێوانه ئاماده‌كراوه و جێكیریش نیه.

## هه‌ڵسه‌نگاندن (التقويم )( Evaluation )

چـه‌مكی هه‌ڵسـه‌نگاندن جیاوازه لـه هـه‌ردوو چـه‌مك و زاراوه‌ی پێوانـه‌كارو پێوانـه‌كردن لـه به‌رئـه‌وه‌ی هه‌ڵسـه‌نگاندن به‌رفراوانترو سه‌رتاسه‌ریتره و هه‌ردوو چه‌مكی پێوانه‌كردن و پێوانه‌كاریش له خۆ ده‌گرێت واته یه‌كه‌م جار ده‌بێت تێست و پێوانـه‌كار ئاماده‌بكرێت دواتر له ڕێگه‌ی ئه‌و تێست و پێوانه‌كاره‌وه زانیاری و داتا كۆ ده‌كرێتـه‌وه‌و پرۆسـه‌ی پێوانـه‌كردن بـه‌ئـه‌نجام ده‌گه‌یـه‌نرێت دواتر بڕیار له سه‌ر ئه‌و زانیاری و داتایانه ده‌درێت و له‌به‌ر ڕۆشنایی پێوه‌ری(معيار)تایبه‌تی هه‌ڵده‌سه‌نگێندرێن.

بۆچوونی ( ثورندایك ) هه‌ڵسه‌نگاندن بریتیه له ده‌ركردن و وه‌رگرتنی كۆمه‌لێك بڕیار ده‌رباره‌ی سه‌ركه‌وتنی فێـرخوازو پێش كه‌وتنی له خوێندن. به‌ڵام ( گرۆنلاند ) له‌و بڕوایه‌دایه كه هه‌لسه‌نگاندن بریتیه له پرۆسـه‌یه‌كی ڕێكخـراو بـۆ دیـاریكردنی چـه‌ندێتی سـوود وه‌رگرتنی فێـرخواز له‌و ئامانجه په‌روه‌رده‌ییانه‌ی كه پێشتر دانراون.

**له بواری په‌روه‌رده‌دا مه‌به‌ستی سه‌ره‌كی پرۆسه‌ی هه‌ڵسه‌نگاندن بریتیه له‌:-**

1-بڕیاردان له‌سه‌ر مه‌وداو ئاستی گونجاندنی پرۆگرام بۆ فێرخوازه‌كان.
2- دیاریكردن و ده‌ست نیشانكردنی لایه‌نه به‌هێزو لاوازه‌كانی پرۆگرام.
3- دیاریكردن و زانینی خاڵه به‌هێزو لاوازه‌كانی فێرخواز.
4- هه‌ڵسه‌نگاندن یارمه‌تی مامۆستا ده‌دات كه توانا و حه‌زوو ئاره‌زوو ئاماده‌باشیه‌كان فێرخواز بدۆزێته‌وه.
5- هه‌ڵسه‌نگاندن یارمه‌تیده‌ری مامۆستایه تا له ڕێگه‌یه‌وه خۆی بناسێت وهه‌ست به خاڵه به‌هێزو لاوازه‌كانی ڕێگا و شـێوازه‌اكانی وانـه گوتنه‌وه‌یی و په‌یوه‌ندیه‌كانی له گه‌ل فێرخواز بكات،

**مه‌رجه‌كانی هه‌ڵسه‌نگاندنی سه‌ركه‌وتوو:**

**یه‌كه‌م/ به‌رده‌وامی ( الإستمرارية )**

به‌رده‌وامی به مانای كۆتایی نه‌هێنان به‌كاری هه‌ڵسه‌نگاندن له كرداره‌كانی فێربوون و فێركردندا،بـه‌جۆرێك لـه یـه‌كتری جیانابنـه‌وه ، چونكه هه‌ر هه‌ڵسه‌نگاندنێكی كۆتایی بۆ به‌شێك له بابه‌تێك یان قۆناغێك ، لـه هـه‌مان كاتـدا ده‌بێتـه هه‌ڵسـه‌نگاندنێكی سـه‌ره‌تایی بـۆ به‌شـێك یـان قۆنـاغێكی داهـاتوو ، بـه كۆتـایی هـاتنی به‌شـێك یـان بابـه‌تێك كۆتـایی بـه پرۆسـه‌ی هه‌ڵسـه‌نگاندن نایـه‌ت ، كـه بـه‌هۆی هه‌ڵسه‌نگاندنی سه‌ره‌تایی و پێكهێنه‌ر و كۆتایی چاودێری پرۆسـه‌ی فێربـوون ده‌كرێـت ، بـه‌جۆرێك سـود له‌ئه‌نجامـه‌كانی وه‌رده‌گیرێـت به‌مه‌به‌ستی به‌ره‌و پێشبردن و چاكسازی بـه‌رده‌وام ، هه‌ربـه‌م هۆیه‌شـه‌وه وه‌ڵامـی پرسـیارێكی سـه‌ره‌كی ده‌درێتـه‌وه ئایـه تـا چ راده‌یـه‌ك فێرخواز ئاماده‌یی تێدایه بۆ خوێندنی ئه‌م بابه‌ته یان قۆناغی داهاتوو ؟

**دووەم/ بابەتی بوون ( الموضوعية ):**

مەبەست لە بابەتی بوون واتا نەبوونی لایەنگری خودی و بێ لایەنی لە پرۆسەی هەڵسەنگاندندا ، دووركەوتنەوەیە لە كەوتنە ژێر كاریگەری دەمارگیری و ئەنانییەت و بڕیاری تاكەكەسی ، كە كاریگەری زۆر دەكەنە سەر پرۆسەی هەڵسەنگاندن ، و هەتا وانە گوتنەوەی ناو پۆل ڕاستگۆیی و ئەكادیمی زیاتر بە پیشەی مامۆستایەتی دەبەخشێت ، ڕۆڵی هەیە لە بەدەستهێنانی متمانەی فێرخوازان .

بابەتی بوون بەمانای دووركەوتنەوە دێت لە كەوتنە ژێر كاریگەری رق لێبوونەوە و ناسین و پەیوەندی كۆمەڵایەتی و ڕەگەز و ...هتد ، ئەمانەش دادگەری مامۆستا دەسەلمێنن ، كە خەسلەتێكی تری گرنگی هەڵسەنگاندن .

**سێیەم/ گشتگیری ( الشموليه )**

گشتگیری تەنها بواری زانیاری ناگرێتەوە ، بەڵكو بواری گەشەی ژیری و جەستەیی و هەڵچوون و كۆمەڵایەتیش دەگرێتەوە . لەلایەكی دیكەوە گشتگیری بەمانای ئەوە دێت كە هەموو ئەو شوێن و لایەنانەی كە پەیوەندییان بە فێربوون هەیە وەكو گونجاوی ( ژینگەی ماڵ و قوتابخانە و هۆڵی پۆل و كتێبخانە و ئامێرەكان و ... هتد ) دەگرێتەوە . بە مانایەكی تر گشتگیری تەنها ئەوە نییە كە مامۆستا پرسیارەكانی لە ئاسانەوە بۆ گران دابنێت ، بەڵكو بە مانای گرتنەخۆی هەموو بابەتەكە دێت ، بەجۆرێك كە هیچ بابەت و بەشێك فەرامۆش نەكرێت و بگرە هەر بابەتە تا لاپەڕەش ئەگەر بای نمرەیەكیش بێت لێی بهێنرێتەوە ، ئەوە كارێكی دروست نیە كە لەبەر ئاسانی یان هەر هۆكارێكی دی بابەتێك یان چەند لاپەڕەیەك فەرامۆش بكرێت و پرسیاری لێ دروست نەكرێت ، ئەم جۆرە پرسیارانە فێرخواز فێری كەمتەرخەمی دەكەن و هۆكاریشە بۆ لەیادچوونەوەی بەشێك لە زانیارییەكانی پرۆگرامی خوێندراو ، بەڵكو پێویستە هەموو بابەتەكە لای مامۆستا بە هەند وەربگیرێت و بە كەم سەیر نەكرێت . مامۆستا پێویستە لە كاتی خوێندنی وانەی ڕۆژانە و ئاڕاستەكردنی پرسیارەكانی ناو پۆلیش ئەوەی لەبەر چاو بێت كە تەنها بە یەك جۆر پرسیار فێرخوازەكانی هەڵنەسەنگێنێت ، چونكە بەو هۆیەوە گشتگیری و دروستی لە دەست دەدات .

**چوارەم/ هاوكارێتی ( التعاونييه ) :**

هەڵسەنگاندن پرۆسەیەكی هاوبەشە ، واتا دەبێت هەموو ئەو لایەنانەی كە پەیوەندییان بە كرداری فێربوون و فێركردنەوە هەیە هاوكاربن بۆ ئەنجامدانی ، وەكو ( فێرخواز ، مامۆستا ، بەڕێوەبەری خوێندنگا ، مامۆستایان ، ماڵەوە ، لایەنی دیكە ) ، لەبەرئەوەی كرداری فێربوون گروپێك چالاكی لەخۆ دەگرێت كە بە تەنها لە توانای مامۆستادا نییە ئەنجامیان بدات ، لەلایەكی دیشەوە هەندێك لەو چالاكییانە لە دەرەوەی پۆل ئەنجام دەدرێن بۆ نموونە لە ماڵەوە ، واتا كۆكردنەوەی زانیاری لە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەكان بۆ بڕیاردان و هەڵسەنگاندن ، لەبەرئەوە دەبێت هەموو هاوكار بن بۆ سەرخستنی پرۆسەكە .

**پێنجەم / ڕاستگۆیەتی و ڕوونی دەستەواژەكان ( كاملی و تەواوی)**

هەڵسەنگاندنی ڕاستگۆیانە ئەوەیە كە لە پێناو ئامانجێكی ڕوون و ڕاست ئەنجام دەدرێت ، واتە تاقیكردنەوە ئەو شتە هەڵسەنگێنێت كە بۆی دانراوە نەك شتی لاوەكی ، ئامرازەكانیش بە ڕاست و دروستی بەكاربهێنرێن ، لەپێناو ئامانجێكی دیاریكراو ، واتە دیاریكردنی ئامانجی سەرەكی بۆ ئەنجامدانی تاقیكردنەوە و هەڵسەنگاندن ، بەجۆرێك ئامرازەكان لەگەڵ مەبەستی دیاریكراو بگونجێن ، چونكە

زۆرجار ئەو ئامراز و پێوەرانەی بۆ پێوانەکردنی خەسڵەتێك بەکاردەهێنرێن ، لەگەڵ مەبەست و ئامانجی هەڵسەنگاندنەکە نەگونجاوە ، ئەمەش هۆکارە بۆ نەپێکانی ئامانجەکە یان بەهەڵەداچوون و ئەنجامی ناڕاست ، کە زۆرجار توێژەر یان مامۆستا بەهەڵەدا دەبات ، وەك ئەوەی بمانەوێت توانای نووسینەکی فێرخوازێك هەڵسەنگێنین بە تاقیکردنەوەی زارەکی ، کە مەبەستی هەڵسەنگاندنەکە و ئامرازەکە لەگەڵ یەکدا نەگونجاون .

**شەشەم/ ئابووری بوون ( لەبەرچاوگرتنی کات و توانا و مادده )**

پێویستە مامۆستا لە کاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندن یەکەم شت ڕەچاوی گونجاوی کاتی هەڵسەنگاندن بکات ، هەروەك هەڵسەنگاندنی سەرەتایی و بونیادی و کۆتایی ، کە بێگومان هەریەکەیان بنەما و ئامانجی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ ئەنجامدانی ، بۆیە پێویستە مامۆستا ئەو ڕاستیە بزانێت و زانیاری لەسەر هەبێت ، بەجۆرێك لەگەڵ کاتی ئەنجامدانی و بەپێی مەبەست و پێویستییەکانی فێرخواز بیانگونجێنێت .

لەلایەکی تریشەوە لە کاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکانیشدا ڕەچاوی کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بکات . لایەنێکی تری ئابووری بوون پەیوەندی بە لەبەر چاوگرتنی توانای تاکەکەسی یەوە هەیە ، کە پێویستە مامۆستا لە دانانی پرسیارەکان لەبەرچاوی بگرێت ، پرسیارەکانی پێوەربن بۆ ئاستە جیاوازەکان ، و هەر سێ ئاستی ( سوك و مام ناوەند و گران ) ی تێدابێت ، بەم هۆیەشەوە جیاوازی تاکایەتی دەردەکەوێت ، وە پێویستە لە ڕووی مادیشەوە تێچوونی کەم بێت و زۆر لەسەر فێرخواز نەکەوێت .

**حەوتەم / فرە ئامراز بێت**

بەشێوەیەکی گشتی یەك شێواز لە تاقیکردنەوە لە زۆربەی ناوەندەکانی خوێندن بەکاردەهێنرێت ، کە بریتییە لە تاقیکردنەوەی سەر کاغەز ، کە بەهۆیەوە چەند لایەنێکی دیاریکراوی بواری مەعریفی دەتوانرێت هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت ، لە کاتێکدا بە مانا فراوانیەکەی هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی گشتگیرە ، و پێویستە لە بەکارهێنانی یەك شێواز کە ئەویش شیوازی تەقلیدی وەرگرتووە دوورکەوینەوە ، ئامرازە جۆر بە جۆرەکانی هەڵسەنگاندن بەکاربهێنرێن وەك ( تاقیکردنەوەی زارەکی و پراکتیکی و چاوپێکەوتن و ڕاپۆرت و ئەرکی ماڵەوە ) ،کە بەو هۆیەوە ئامرازی جۆرا و جۆر بەکاردەهێنرێن ، چونکە ئەگەر مامۆستا تەنها پشت بە تاقیکردنەوەی نووسینەکی ببەستێت هەندێك فێرخواز لەوانەیە کێشەی نووسینیان هەبێت ، بە پێچەوانەوە هەیە کیشەی شلەژانی دەروونی یان شەرمنی و گرفتی زمانیان هەیە ، کە دەبنە کێشە بۆ تاقیکردنەوەی زارەکی ، بۆیە یەکێك لە خەسڵەتەکانی هەڵسەنگاندنی باش ئەوەیە فرە ئامراز بێت .

**هەشتەم / ئامانجی ڕوون بێت**

ئەگەر لە ڕووی زانستی و پەروەردەییەوە باس لە هەڵسەنگاندن یان ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکانی بەدەستهێنان بکەین ، وەك ئامرازێکی گرنگ و بەربلاو یەکەم هەنگاو بریتییە لە دەست نیشانکردنی مەبەست و ئامانجەکانی هەڵسەنگاندنەکە ، پاشان لەژێر ڕۆشنایی ئەوانەوە ناوەڕۆکی بابەتەکە دەپشکنرێت و ئامادەکاری دەکرێت بۆ دارشتنی پرسیارەکان ، بۆیە پێویستە هەموو هەڵسەنگاندنێکی پەروەردەیی ئامانجی ڕوون بێت ، ناکرێت پێشتر ئامانج دیاری نەکرێت و هەڵسەنگاندن ئەنجام بدرێت ، ئەوکات هیچ بەها و کاریگەریەکی نابێت و تەنها کات بەفیڕۆدانە ، وەك ئەوەی هەندێ جار ڕەنگە مامۆستا میزاجی تەواو نەبێت یان کەمێك

بێتاقەت بێ یان وانەکەی ئامادە نەکردبێت ، بەبێ ئامادەکاری ڕوونی ئامانجی لە پێناو نەخوێندنی وانەکە و خۆدەربازکردن لێی تاقیکردنەوە بە فێرخوازەکان دەکات ، یان بە تاقیکردنەوەیەکی زارەکی کاتی وانەکە بەسەر دەبات ،

**نۆیەم/ پێویستییە مرۆییەکانی فێرخواز پێشێل نەکات:**

ئەوەی ئاشکرایە پرۆسەی خوێندن بێ کێشە و گرفت نییە ، ماندووبوون و قوربانی زۆری دەوێت ، فێرخوازیش وەك ڕەگەزێکی سەرەکی پرۆسەکە ئەرکی زۆری لەسەر شانە ، کە خۆی کۆی کردەکان بۆ خزمەتی ئەون ، ڕەنگە گرانترین ئەرکی ئەویش قبوڵکردن و فێربوون بێت ، ئەرکەکانیشی هەر تایبەت نین بە ناو پۆل و خوێندنگە ، بەڵکو هەمەجۆرن ، بۆیە وەك سروشتی هەر مرۆڤێکی تر هەست بە ماندووبوون و بێزاربوون دەکات ، ئەوە جگە لەوەی ئەویش پێداویستی مرۆیی هەیە ، وەك پێویستی ( ماددی و مەعنەوی ) ، کە هەموو ئەمانە کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ و ئەرێنی و نەرێنی دەکەنە سەر پرۆسەی هەڵسەنگاندن ، بۆ نموونە دەبێت لە کاتی تاقیکردنەوە ڕەچاوی پێداویستییەکانی بکرێت ، یان لە کاتێکدا هەست بە هیلاکی زۆر بکەن یان برسیان بێت ، پێویست بۆماوەیەك ڕوخسەتیان پێ بدرێت ، چونکە هەموو ئەمانە کاریگەریان لەسەر ئەنجامەکانی دەبێت .

**دەیەم/ فیدباکی هەبێت:**

فیدباك یەکێکە لەو هۆکارانەی کاریگەری لەسەر فێربوون و فێرکردن هەیە ، بە گشتی توێژەرانی ئەم بوارە جەختیان لەسەر ئەنجامدانی بەردەوامی فیدباك کردۆتەوە ، چونکە پێویستە فێرخواز هەمیشە لە دەرئەنجامەکانی کارو چالاکی و تاقیکردنەوەکانی ئاگاداربکرێتەوە ، سەرباری پێدانی زانیاری ، پێویستە وەڵامە هەڵەکانیشی بۆ ڕاست بکرێتەوە و خاڵە بەهێز و لاوازەکانی بۆ ڕوونبکرێتەوە ن ئەمەش خەسڵەتێکی گرنگی هەڵسەنگاندنی باشە ، چونکە فیدباك کاریگەری لەسەر گۆڕینی ڕەفتاری فێرخواز هەیە ، بۆ نموونە کاتێك فێرخوازێك وەڵامی ڕاست دەداتەوە و مامۆستا پاداشتی دەکات ، ئەوا دەبێتە هۆی بەردەوام بوون لەسەر فێربوون و هەوڵدان بۆ فێربوونی زانیاری زیاتر ، وە کاتێك وەڵامی هەڵە دەداتەوە و مامۆستا بۆی ڕاست دەکاتەوە و هۆکاری هەڵەکەی بۆ ڕوون دەکاتەوە , پاشان وەلامە ڕاستەکەی پێدەڵێت ، ئەوا لە داهاتوودا ئەو هەڵە دووبارە ناکاتەوە .




هێلکاری جۆرەکانی هەڵسەنگاندن

**جۆرەکانی هەڵسەنگاندن ( انواع التقويم ):- بە پی کات و ئامانج و مەبەستی هەڵسەنگاندن :**

**یەکەم :-هەڵسەنگاندنی سەرەتایی (التقويم التمهيدی Initial Evaluation ):-**

ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە لە سەرەتای پرۆگرام و خول و وەرشەو کارەکاندا دەبێت ،بۆ ئەوەی لەرێگەیەوە تواناو ئاستی فێرخواز یان بەشدار بوو دیاری بکرێت .سوودەکانی ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە ئەوەیە کە دەتوانین بە پی لێهاتوویان بەسەر گروپ و پۆلەکاندا دابەشیان بکەین ،سەرەرای ئەوەش بزانین لە کوێوە دەست پێبکەین بابەت و زانیارییەکان بە پێی تواناو لێهاتوویان ئامادە بکەین ،هەروەها دوای پێدانی بەرنامەو پرۆگرامەکەو تاقیکردنەوەوە هەڵسەنگانیان ،دەتوانین دەرئەنجامەکە بە دەرئەنجامی ئەم هەڵسەنگاندنە بەراورد بکەین ،بۆ ئەوەی بزانین تا چەند ئەو بەرنامەو پرۆگرامە کاریگەری هەبوو فێرخواز و بەشدار بووەکان سوودیان وەرگرتووە.

بۆ نموونە کاتێك خولێکی کۆمپیوتەر یان زمانی ئینگلیزی دەکرێتەوە سەدەها کەس داوا کاری پێش کەش دەکەن ،ئا لە کاتەدا ناتوانرێت بەبێ هەڵسەنگاندنی سەرەتای ئەو کەسانە پۆلین بکرێن ،بەلاّم کاتێ ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنەیان بۆ دەکرێت ،ئەوە بۆمان

دەردەکەوێت کە هەندێکیان زانیاریان زۆر کەمە ،بەڵام هەندێکی تریان مام ناوەندی و ئەوانە تر زۆر باشن ،لەو کاتە دەتوانین دابەشیان بکەین بەسەر سێ گروپدا (گروپی سەرەتایی - گروپی مام ناوەندی - گروپی باڵا )

بەڵام کاتێك لە سەرەتای خوێندن ،ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە بۆ فێرخوازەکان دەکرێت دوای وەرگرتنی زانیاری و پراکتیزەکردنی بەرنامەکە هەڵسەنگانێکی تر بۆ ئەو فێرخوازانە دەکرێت هەر دوو دەرئەنجامەکە بە یەکتری بەراورد دەکرێت ،ئینجا ئەگەر دەرئەنجامی هەڵسەنگاندنی دووهەم جار باشتر بوو لە دەرئەنجامی هەڵسەنگاندنی یەکەم جار ،ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەو بەرنامەو پرۆگرامە سەرکەوتوو کارگەر بووە .

**دووەم :هەڵسەنگاندنی پێکهێنەر (بونیادی ) (التقويم البنائى) Formative Evaluation**

ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە هاوشانی پرۆسەی فێرکردنە و هەر لەیەکەم هەنگاوی فێرکردنەوە تا کۆتای کۆرس یان وەرزو ساڵکە بەردەوام دەبێت . واتە بەردەوام مامۆستا لە ماوەی کورت کورتدا ( دوای هەر وانەیەك بێت یان دوای هەر بابەت یەکەیەکی خوێندن بێت )هەڵسەنگاندن بۆ فێرخوازەکان دەکات ،بۆ ئەوەی بزانێت تا چەند سوودیان وەرگرتووە ،سەرەڕای دیاری کردنی خاڵە بەهێزو لاوازەکانیان . لەم جۆرە هەڵسەنگاندنەدا مامۆستا بابەتەکانی خوێندنی ئەو وەرزە یان ساڵە بەسەر چەند بەش و وانەیەکدا جابەش دەکات دواتر دوای هەر بەش و وانەیەك هەڵسەنگاندن بۆ فێرخوازەکان دەکات .مەبەستی سەرەکی ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە دیاری کردنی خاڵە بەهێزو لاوازەکانی فێرخوازە ،واتە بۆ ئەوەیە تا بتوانرێت فێرخوازەکان لە چ بەش و وانەیەکدا بەهێز یان لاواز یان مام ناوەندین.

**سێیەم ::هەلسەنگاندنی کۆتایی(کۆکراوەیی)(التقويم الختامى او التجميعى) Summative Evaluation**

ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە لە کۆتایی هەموو کۆرس و وەرزو ساڵێکدا بە ئاکام دەگەیەنرێت ،مەبەستی سەرەکی ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە وەرگرتنی بریارە دەربارەی گواستنەوەو دەرچونی فێر خواز لە قۆناغێکەوەبۆ قۆناغێکی تر یان مانەوەی لە هەمان قۆناغ ،واتە کاتێك ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە لە کۆتایی ساڵ یان کۆتایی وەرز دەکرێت ،ئەوا بریاردەدرێ لەسەر چارەنووسی ئەم فێرخوازە بڕیاردەدرێت بە دەرجوون یان دەرنەچوون ، بەڵام لە هەڵسەنگاندنی بونیاد و پێکهێنەر بڕیارلەسەر چارەنووسی فێرخواز نادرێت ،واتە ئەگەر دەریش نەچێت ئەوا بۆی هەیە خۆی چاك بکات دووبارە هەوڵ بدات و لە تاقیکردنەوەکانی تردا دەربچێت .

لە هەڵسەنگاندنی کۆتاییدا خاڵە بەهێزو لاوازەکانی پرۆگرام و کاریگەری مامۆستای باش یان خراپ دەردەکەوێت و دەتوانین لە رێگەیەوە بڕیار لەسەر باش و خراپی پرۆگرامەکانی خوێندن و بەهێزی و لاوازی مامۆستا و ئامرازەکانی روونکردنەوەو فێربوون بدەین ،هەروەها لە دەرئەنجامی ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنەدا ،بڕوانامەی دەرچوون بە فێرخواز بدرێت.

**چوارەم : هەڵسەنگاندن بەدواداچوون(التقويم التتبعى)Follow-up Evaluation**

ئەوانەی کە لەسەرەوە باس کرا کۆتایی ریگاکە نەبوو ,هەندێ پێیان وانیە کە ئەوە هەڵسەنگاندنی کۆتاییە کە بابەتەکە دەوروژێنێ و کاری ئەوانەی کە بە کارەکە هەڵساون تەواو بووە,بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە پێچەوانەیە بۆیە رابۆرتی پەروەردەیی و ڕۆیشت بەدواییدا دەزانی کەوا لێردا هەڵسەنگاندنێکی بە دواداجوون و بەردەوام هەیە کە بە دەهێنرێ , و بە شێوەیەکە دەتوانرێ چاکسازی بکرێ لە

هەندێ لە ئامێرە بەکار هاتووەکان لە هەڵسەنگاندن یان لە هەندێ لە شێوازەکانی بە دواداچوون, و لە هەمان کاتدا پێوانی ئەنجامەکان دەکات کەوا روودەدات لە پرۆگرامەدا.

## جۆرەکانی هەلسەنگاندن لەسەر بنەمای ئاستێکی دیارکراو :

### 1-هەڵسەنگاندنی پێوەری (التقويم المعياری المرجع ) Norm Referenced Evaluation:

لەم جۆرە هەڵسەنگاندنەدا،بەپێی پێوەری تایبەتی کە بە زۆری ناوەندی ژمێرەیی (الوسط الحسابی) ، بە بڕیار لەسەر کارو چالاکی و بەرهەمەکانی تاك دەدرێت ،واتە کاتێك تاقیکردنەوەو ئەزموون بۆ کۆمەڵێك فێرخواز دەکرێت و هەریەکیان نمرەی خۆی وەردەگرێت ،،دواتر هەموو نمرەکان کۆدەکرێنەوەو دابەشی سەر ژمارەی فێرخوازەکان دەکرێت ،دەرئەنجامی ئەم دابەش کردنە دەبێت بە ناوەندی ژمێرەیی (پێوەر)بۆ هەموو نمرەکانی تر ،واتە لە ڕێگای ئەو پێوەرە (ناوەندی ژمێرەیی)بڕیار لەسەر ئاست و باش و خراپی فێرخوازەکانی تر دەدەین . ئینجا ئەوانەی کە نمرەکانیان یەکسان بێت بەو پێوەرە ،(ناوەندی ژمێرەی) ئەوا دەڵێین مام ناوەندین،بەلاّم ئەوانەی کە نمرەکانیان لە خوار ئەو پێوەوە بێت ئەوا بڕیار دەدەین و دەڵێن ئاستی چالاکی و کارەکانیان لە خوارناوەندو ناوەراستەوەیە لە کاتێکدا ئەوانەی نمرەکانیان لە سەرو ئەو پێوەرەوە بێت ،بڕیار دەدەین و دەڵێن ئاستی ئەو کەسانە لەسەرو ناوەند و ناوەراستەوەیە ،بۆ نموونە کاتێك مامۆستا دە(10) فێرخواز تاقیدەکاتەوەو لە رێگەی کۆمەڵێك پرسیارەوەئاستی تێگەیشتنیان هەڵدەسەنگێنی و دواتر ئەو دە(10)فێرخوازە،ئەم نمرانە وەردەگرن .

- 60،80،69،58،40،65،70،90،93،85 -دوای کۆکردنەوەی هەموو ئەو نمرانەی کە دەکاتە (710)،دوای ئەوە کۆی ئەم ژمارانە دابەشی ژمارەیفێرخوازەکان دەکەین - 10 / 710 = 71-،ئەو کاتە بۆمان دەردەکەوێت کە ناوەندی ژمێرەیی یەکسانە بە (71) ئەم ژمارەیە دەبێت بە پێوەرو سەرچاوەو (مەرجەع)بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی ئەو (10)فێرخوازە.

### 5- هەڵسەنگاندنی مەرجی و مەحەکی (التقويم المحك)Criterion -Reference Evaluation

لە ئەنجامی ئەو گورانکاری و پێشکەوتنەی کە لە بواری پەروەردەو فێرکرندا روویدا سەرەرای هەولی زانایان و توێژەرانی بواری پێوانەو هەڵسەنگاندن جۆرێکی تر لە هەڵسەنگاندن هاتە گۆرپانی پێوانەو هەڵسەنگاندنەوە ،ئەویش هەڵسەنگانی مەرجی و (مەحەکیە)،لەم جۆرە هەڵسەنگاندنەدا هەر لە پێشەوەو لە سەرەتاوە سەنگ و مەرج و (مەحەکی)تایبەتی دیاری دەکرێن و دواتر ئاست و بەرهەم و چالاکیەکانی تاك بە ئەو مەرج و( مەحەکە ) بەراورد دەکرێت و لە ریگەی ئەو مەرج و سەنگ و (مەحەکە)وەو هەڵسەنگاندن دەکرێت . واتە ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە پشت بە پێوەرو ناوەندی ژمێرەیی و چالاکیەکانی ئەندامەکانی ئەو گروپە هەڵدەسەنگێنرێ،نابەسترێت ،بەڵکو هەر لە یەکەم جارو پێش تاقیکردنەوەو ئەزموونەکە ئاست و مەرج و (مەحەکی)تایبەت دادەنرێت و دەبێت ئەو کەسە بگاتە ئەو ئاست و مەرج و (مەحەکە)ئینجا بە سەر کەوتوو دادەنریت. بۆ نموونە مامۆستی زمان کاتێك فێرخوازەکانی تاقی دەکاتەوە ،هەر هەر پێش تاقیکردنەوەکە ،ئاست و مەرج و (مەحەکی)تایبەتی بۆ فێرخوازەکان دادەنێت دەڵێت - دەبێت فێرخواز بە سەرکەوتوانە مانای (90)ووشە لە کۆی (100)ووشە بزانێت . واتە لێرەدا (90)نەوەد ووشە مەرج و سەنگ و (مەحەکە)بۆ سەرکەوتن و دەرچوونی فێرخوازەکان ،ئینجا ئەگەر هەر فێرخوازێك بە سەرکەوتووانە مانای(90)ووشە زانی و گەیشتە ئەو مرج و ئاس و سەنگ و (مەحەکە)ی مامۆستا دایناوە ،ئەوا بە

سەرکەوتوو دادەنرێ، بەڵام ئەو کەسەی کە تەنها مانای (89)ووشە یان کەمتر دەزانێ ئەو ئاست و مەرج و (مەحەکە)ی مامۆستا دایناوە ئەوا بە دەرنەچوون لە قەڵەم دەدرێت .

**خشتەی ژمارە(3)**

بەراوردی نێوان هەلسەنگاندنی پێوەری وە هەلسەنگاندنی سەنگی

| هەڵسەنگاندنی پێوەری | هەڵسەنگاندنی سەنگی |
| --- | --- |
| 1-ئەداو دەستکەوتی فێرخواز لەگەڵ هاوپۆلەکانی بەراورد دەکرێت | 1-ئەدای فێرخواز بەسەنگی دیاریکراو بەراورد دەکرێت. |
| 2-هەڵسەنگاندنەکە هەموو پرۆگرامی خوێندراو دەگرێتەوە | 2-تەنها لە بەشێك یان بابەتێك ئەنجام دەدرێت. |
| 3-دەکرێت جارێك یان دوو جار لە وەرزێکدا ئەنجام بدرێت(کۆتایی وەرزوسەری ساڵ). | 3-چەند جار لە وەرزێکدا ئەنجام دەدرێت (لەگەڵ تەواوبوونی بەشێك یان بابەتێك). |
| 4-ئامرازەکانی هەڵسەنگاندنی کۆتاییە. | 4-ئامرازەکانی هەڵسەنگاندنی بونیادیین. |
| 5-بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدای گشتی فێرخواز بەکاردەهێنرێت. | 5-بۆ هەڵسەنگاندنی چەند ئامانجێکی ڕەفتاری دیارکراوە. |
| 6- نمرە بۆ فێرخواز دیاریدەکرێتو پێی دەدرێت. | 6-ئامانج پێدانی نمرە نییە. |

**جیاوازی نێوان پێوانە و هەڵسەنگاندن: The Difference between Evaluation & Measurement**

| **پێوانەکردن** | **هەڵسەنگاندن** |
| --- | --- |
| **1-پرۆسەیەکی کەم مەوداو کورتخایەنە.**<br>**2-تەنهاگرنگی بە چەندایەتی دەستکەوتی فێرخواز دەدات.**<br>**3-بایەخ بە کۆکردنەوەی داتاو زانیاری دەدات.**<br>**4-لە هەڵسەنگاندن بچوکترەو بەشێکە لە ئەو.**<br>**5-مەرج نییە هەموو پێوانەکردنێك هەڵسەنگاندنی بەدوادابێت.**<br>**6-تەنها گرنگی بەئەنجامی دەستکەوت دەدرێتو بەپێوەری دیاریکراو بەراورد دەکرێت.** | **1-پرۆسەیەکی گشتگیرو درێژخایەنو بەردەوامە.**<br>**2-بایەخ بە گەشەی کەسایەتیو چەندایەتیو چۆنیاتی دەدات.**<br>**3-تەنها بایەخ بەکۆکردنەوەی زانیاری نادات، بەڵکو ئامانجی پەرەپێدانوچاکسازیو چارەسەریشە.**<br>**4-بەرفراوانترە لە پێوانەکردن.**<br>**5-پێوانەکردن مەرجە بۆ هەڵسەنگاندن.**<br>**6-ئاستی مەعریفیو رەفتاری فێرخواز بە ئاستی پێشوو یان هاوپۆلو هاوتەمەنی بەراورد دەکرێت.** |

## گرنگی پێوانەو هەڵسەنگاندن لە پرۆسەی پەروەردەدا:-

پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن وەك سەرجەم پرۆسەکان تر پێش ناکەوێت و گەشە ناکات ،ئەگەر بەردەوام بەدوا چوون و هەڵسەنگاندن  بۆ دەرەنجامەکەی نەکرێت واتە کاتێك مامۆستا وانە دەلێتەوە ئەگەر هەلسەنگاندن نەکرێت کێ دەزانی فێرخوازەکان سوود مەند بوون یان ئایا مامۆستاکە وانەکەی بە سەرکەوتوویی گوتوەتەوەو قازانجی بە فێرخوازەکان گەیاندووە؟ بێگومان بە بێ پێوانە و هەڵسەنگاندن مەحاڵە بتوانرێت وەلامی ئەو پرسیارانە بدرێتەوە هەر لە بەر ئەوەشە کە هەلسەنگاندن و پێوانەکردن گرنگیەکی زۆری پێدراوەو بۆشاییەکی گەورەی لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا پڕکردۆتەوە.

### کەواتە بەبێ پێوانەو هەڵسەنگاندن ناتوانرێت وەلامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدرێتەوە:

1- تا چەند پرۆگرامەکان سەرکەوتوو بە کەڵکن؟ تا چەند رێگاکانی وانە گوتنەوە گونجاون بۆ ئاستی فێرخوازەکان؟

2- تا چەند مامۆستا وانەکەی بە سەرکەوتووانە راڤە کردووە؟ ئایا کەرەستەو ئامرازەکانی روونکردنەوە ئامانجەکانی خۆیان پێکاوە؟

3- تا چەند ئامانجە تایبەتی و ئامانجە گشتیەکان هاتونەتەدی؟ پەیوەندی نێوان مامۆستا و فێرخوازەکان لە چ ئاستێکدایە؟

4- تا چەند بینایەو پۆلەکان بۆ خوێندن گونجاوە؟ ئایا بەرێوەبەرە سەرپرشتیارەکان لە کارەکانیاندا سەرکەوتوون؟

وەلاًمدانەوەی سەرجەم ئەوپرسیارانەی سەرەوەو دەیەها پرسیاری تری پەیوەست بە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن پێویستی بە پرۆسەی پێوانەو هەلسەنگاندن هەیە. بۆ زیاتر زانینی پرۆسەی پێوانەو هەڵسەنگاندن دەتوانین سەیری پێکهاتەو رەهەندەکانی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بکەین.

### بۆ ئەم مەبەستەهەردوو زانا (ستانلی Stanly )و(هۆپکنز Hopkins) لەو بڕوایەدان کە پرۆسەی پەروەردە لە  سێ رەگەزی سەرەکی پێك دێت ،کە ئەوانیش ئەمانەی خوارەوەن :-

1- دیاریکردنی ئامانجە پەروەردەییەکان . 2-پێدانی شارەزایی و زانیاری بە مەبەستی هێنانەدی ئەو ئامانجانە.

3-بە ئاکام گەیاندنی پرۆسەی هەڵسەنگاندن ،

بە مەبەستی دیاریکردنی مەوداو ئاستی هێنانەدی ئەوئامانجان،ئینجا کەم و کورتی لە هەر یەکێك لەو سێ‌رەهەندەی سەرەوە ،دەبێتە هۆی سەرنەکەوتنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن .

## ئەزموون،تاقیکردنەوە ( الاختبار  Test) پێوانەکار :

پرۆسەی پێوانەکردن بریتیە لە کۆکردنەوەی زانیاری و داتا لەسەر دیاردەکان ،بەلاًم ئەم پرۆسەیە پشت بە تێست و پێوانەکاری تایبەت بە دیاردەکە دەبەستێت ،واتە ناتوانین بو بێ‌تاقیکردنەوەو راپرس و پێوانە کار پرۆسەی پێوانەکردن و کۆکردنەوەی زانیاری بە ئەنجام بگەیەنین ،واتە پێوانەکار کەرەستەو ئامرازی سەرەکی پێوانەکردنەوە لە رێگەیەوە زانیاری و داتا لەسەر دیاردەکان کۆدەکەینەوە .

**ئیستا دەتوانین بپرسین و بڵێین ،پێوانەکار (مقیاس ) scale چیە ؟**

**پێوانەکار** بریتیە لە کۆمەڵێك پرسیار یان هەڵویست یان وێنە یان بە ئاکام گەیاندنی زنجیرەیەك چالاکی و کاری پراکتیکی کە پێویستە فێرخواز (یان هەر کەسێکی تر )وەڵامیان بداتەوەو جێبەجێیان بکات .

ئیتر وەڵامدانەوەکە یان بەقسە و گوتاری زارەکی یان نووسراو دەبێت یان لە ڕێگەی چارەسەر کردن و هەلهێنانی گرفتەکەوە دەبێت یان لە ڕێگەی هەڵسان بەکارو چالاکیەکی پراکتیکەوە دەبێت ،وەبە پرسیارو برگەو وێنە بەش و هەڵویستەکانی پێوانەکاریش دەگوتریت (برگە و بەندەکانی پێوانەکار ).

پرسیارو بەندو برگەکانی پێوانەکار (مقیاس )، بریتیە لە نموونەیەك کە بە مەبەستی پێوانەکردنی ئەو خاسیەت و خەسلەتەی کە مەبەستە (زیرەکی ،خوسازدان ،شەرم ،ترس ،یادکردنەوە،بیرکردنەوە ،گۆشەگیری ،دەست پاکی )دانراون ،واتە هەموو لایەك و قوژبن و ئەم سەرو ئەو سەری دیاردەکە پێوانە ناکات ،بەلکو وەك نموونەیەك پێوانەی دەکات ،ئینجا تا پرسیار و برگەکانی زۆرو سەرتاسەری بن ،ئەوا زۆر لایەنی دیاردەکە پێوانەی دەکات ،ئینجا تا پرسیارو برگەکان زۆرو سەرتاسەری بن ،ئەوا زۆر لایەنی دیاردەکە پێوانە دەکات و دەر ئەنجامەکەی بابەتی تر دەبێت .

## تاقیکردنەوەکانی بەدەستهێنان (دەست کەوتی قوتابیان ) اختبارات التحصیل :

تاقیکردنەوەکانی بەدەستهێنان بە گرنگترین و بەربلاوترین ئەو ئامرازانە دادەنرێن، کە تاوەکو ئێستا پێگەیەکی زۆریان لە ناوەندەکانی خوێندندا داگیرکردووە، کە وناسێنراون بریتین لەو پرسیارو چالاکیانەی کە مامۆستایان داوا لە فێرخوازان دەکەن وڵامیان بدەنەوە و ئەنجامیان بدەن، بەمەبەستی دەستنیشانکردنی ئاستی فێربوونیان لە بابەتێکی دیاریکراودا، یان شێوازێکی ڕێکخراون بەمەبەستی دەسنیشانکردنی لێهاتوویی‌و دەستکەوتەکانی فێرخواز لە بابەتێکدا کە پێشتر فێریان بووە یان خوێندونی، لەمیانەی وڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی لەسەر ناوەرۆکی پرۆگرامەکە ئاراستەی دەکرێت‌و پێی هەڵدەسەنگێنرێت، ئەمانەش لە چوارچێوەی پەروەردەی فەرمیدا ئەنجام دەدرێن.

**چەمکی تاقیکردنەوە**: تاقکردنەوە ئامرازێکە (میکانیزم) بەکاردەهێنرێت بۆ بڕیاردان لەسەر خەسڵەتی دیاردەکان، یان پێوەرێکە کە بەهۆیەوە دەتوانرێت زانیاری وداتا لەسەر دیاردەکان کۆبکرێتەوە، ئینجا بڕیاریان لەسەر بدرێت، کە لەڕێگەی خستنە ڕووی کۆمەڵێك پرسیار بۆ بەردەم فێرخوازان وڵامدانەوەیان دەرخستنی ئەنجامەکانیان بڕیار لەسەر ئاستیان دەدرێت، بەبێ تاقیکردنەوە ناتوانین پێوانەو هەڵسەنگاندن بۆ دیاردەکان بکەین.

**گرنگی و بایەخی تاقیکردنەوەکانی بەدەستهێنان:**

1-فاکتەرێکی کاریگەر لای فێرخواز دروستدەکەن، بۆ بەبایەخ سەیرکردنی پرۆسەی خوێندن‌و فەرامۆش نەکردنی پرۆگرامی خوێندراو.

2-هەستی پێداچوونەوەو دووبارەکردنەوەو ڕاهێنان لای فێرخواز دروست دەکات، کەمەرجێکی فێربوونە.

2-ئاستی پابەندبوونی فێرخواز بەڕێنمایی‌و کاتی دەوامو وانە خوێندن زیاد دەکات،

3-ئـامرازێکن بـۆ هەڵسـەنگاندنی ڕێگـاو شـێوازەکانی وانـە گوتنـەوەی مامۆسـتا، کـە تاچـەند سـەرکەوتوو بـووەو ئاسـتی تێگەیانـدنی فێرخوازەکانی چەندە؟

4-هۆکارێکن بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆگرامەکانی خوێندنو دیاریکردنی لایەنی بەهێزیو لاوازیانو گونجاویان بـە پێـی ئامـانجو قۆنـاغی خوێندنو ئاستی ژیری.

5- ئامرازن بۆ دەستنیشانکردنی ئەو گرفتانەی ڕووبەڕووی پرۆسەی فێرکردنو فێربوون دەبنەوە.

6-ئامزێکی گرنگن بۆ چەسپاندنی دادگەری لەنێو فێرخوازدا بۆ پێدانی نمرەو جیاکردنەوەیان بەپێی ئاستیانو دابەشکردنیان بەسـەر بەشو کۆلیژەکاندا.

7-هەرلەئەنجامی تاقیکردنەوەکانەوە شیکردنەوەو بۆ هۆکارو ئامرازو ڕەگەزەکانی تر دەکرێت، بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی گشتی.

8- تاقیکردنەوەکان سەرباری لایەنی نەرێنیشیان، بەڵام باشترینو گونجاوترین ئامرازن کە کۆتای هەر قۆناغێکی خوێندن دیاریدەکەن.

## هەنگاوەکانی ئامادە کردنی تاقیکردنەوەکانی بەدەستهێنان :

**1- هەنگاوی یەکەم/ دیاریکردنی مەبەستی تاقیکردنەوەکە:** مامۆستا دەبێت بەوردی دەست نیشانی مەبەستی تاقیکردنەوەکەی بکات، بۆئەوەی ببێتە چارەسەر بۆ گرفتی فێربوون نەك شێوازێك لەبەر ئاسانی ئەنجامدانی هەڵبژێرێت، بەڵام مەبەستی ئەنجامدانی نەپێکێتو هەر لەکۆڵخۆی بکاتەوە.

**هەنگاوی دووەم :دیاریکردنی ئامانجەکانی تاقیکردنەوەکە:** پێویستە ئەو ئامانجە شیاوی پێوانەکردن بێت، وردو سادەو واقیعی بێتو لەئاستی قۆناغەکە دابێت.، دەبێت ڕەفتاری فێرخواز وەسف بکات نەك مامۆستا ، هەڵقوڵاوی ناوەرۆکی پرۆگرام بێت.

ئەوەی لەمبارەیەشەوە گرنگە، ئاشنا بوونی مامۆستایە بە ئاستی ئامانجە ڕەفتاریەکان، کە پێویستە شارەزایی تەواوی پێیان هەبێتو ئەو سەرباری جیاکردنەوەی ئاستەکان لەیەکتری، دەبێت ئەو چەمكو زاراوانەش بزانێت کە بۆ دارشتنی پرسیار بۆ هەر ئاستێك پێویستی پێیەتی، ئەوەی تائێستاش بەربلاوترین پۆلێنە بۆ ئاستی ئامانجە ڕەفتاریەکان(مەعریفی وعەقلیەکان) پۆلێنەکەی (بنیامین بلۆم)ە، کە شەش ئاستی بەشێوەی هەرەمی داناوە، کە لە نزمترین ئاستەوە کە(یادکردنەوەیە) بۆ بەرزترینیان کە (هەڵسەنگاندنە) دەست نیشانکردوە،هەروەك لەم خشتەیە روونکراوەتەوە :

## خشتەی ژمارە (4) پۆلێنی بلۆم بۆ ئامانجە ڕەفتاریەکان)

| ئاست | نموونەی دەستەواژە بۆ ئەو ئاستە | نموونەی پرسیار |
|---|---|---|
| بەیادهاتنەوە | کێ، چی، کەی، لە کوێ، بیانژمێرە، پێناسە بکە، چەند... | ژمارەی پیتە بزوێنەکان لەزمانی کوردیدا چەندە؟ |
| تێگەیشتن | وەسف بکە، بەراورد بکە، باس بکە، هۆکاری چییە؟ پەیوەندی چییە؟ سودی چییە؟ ڕوونبکەوە، گفتوگۆ بکە، پۆلێن بکە.... | - هۆکارەکانی شکستی شۆڕشی شێخ مەحمود ڕوونبکەرەوە؟<br>- بەراوردی نێوان قورقشمو ئاسن بکە. |
| ئەنجامدان | ئەنجام بدە، بەکاربهێنە، بەڵگە بهێنەوە، دەستنیشان بکە، نموونە بهێنەوە، لەسەر نەخشە ئەمانە دەستنیشان بکە، نموونەی ڕستە بۆ ئەمانە بهێنەرەوە، شیکار بکە.. | وێنەیەکی خانەی ڕوەکی بکێشەو نیشانەکانی لەسەر دیاریبکە؟<br>-بە پێی یاسای... ئەم هاوکێشەیە شیکار بکە؟ |
| شیکردنەوە | ڕاڤە بکە، بەروارد بکە، جیابکەرەوە، ئەنجامەکەی چییە؟ گرنگترین جیاوازی نێوانیان چییە؟ گرنگترین لێك چوویان چییە؟ کورتی بکەرەوە، بۆ نموونە ڕاڤەی ئەم دەستەواژەیە(....؟) بکە، بەراوردی نێوان(....)بکە... | -هۆکاری ئەمانە لێك بدەرەوە.<br>-ڕاڤەی ئەم دەستەواژەیە بکە(وانە وتنەوە زانست وهونەرە).. |
| پێکهێنان | پلان دابنێ، پێشنیاربکە، بەیەکەوە ببەستەوە، دیزاینی دابنێ، بەیەکە ببەستەوە، دروستی بکە، ئامادە بکە، بەشێوازێکی تر دایبرێژە، پلان بۆ نوسینی ڕاپۆرتێك دابنێ... | ناونیشانێك بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێك دەستنیشان بکە وپاشان پلانێك بۆ نوسینی دابنێ.. |
| هەڵسەنگاندن | هەڵسەنگێنە، ڕەخنە بگرە، بڕیار بدە، ڕات چییە؟ بە بەڵگەوە بیسەلمێنە، لە ژێر ڕۆشنایی بیردۆزەکەی....ڕوونی بکەرەوە، کام لەمانە.... باشترە؟ بۆچیش؟.... | کاریگەری پیس بوونی ژینگە لەسەر تەندروستی مرۆڤ ڕوونبکەرەوە. |

**هەنگاوی سێیەم / شیکردنەوەی ناوەرۆکی بابەتەکە یان بەشە پرۆگرامی خوێندراو:** ئەمەش پاپەندە بەو سێ مەرجە:

ژمارەی لاپەرەکانی هەر بابەتیك ، ژمارەی کاتەکانی وانەوتنەوە، راو و بیروباوەڕی سێ لە بڕیاردەرەکان بۆ دیاریکردنی گرنگی بابەتەکە لە لایەنی گرنگی و زەحمەتی و جدیات

**هەنگاوی چوارەم /: -ئامادەکردنی خشتەیی خشتەی تایبەتمەندی ( جدول المواصفات): تایبەت بە تاقیکردنەوەکانی بەدەستهێنان**

ئەم خشتەیە بە گوێرەی شیکردنەوەکەی پێشەوە ئامادەدەکرێت بە شێوەیەك کە هەموو بابەتەکان روون دەبنەوە و کامیان گرنگە و رێژەی ئەو گرنگیە تا چەندە لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەی پرسیارەکانی بۆهەر بابەتێك دەردەکەوێت, و ئەوشتانەی کە بابەتەکە دەپێوێت و ئامانجەکانیشی .

**هەنگاوی پێنجەم/ ئامادەکردن و دارشتنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە: دیارکردنی جۆری پرسیارەکان:** بریتیە لەم جۆرانە:

**پرسیارەکانی گوتاری:** ( پرسیاری گوتاری چیە ؟ تایبەتمەندیەکانی چیە ؟ و کەم وکورتیەکانی چیە؟). **پرسیارەکانی بابەتی: ( راست و چەوت ، بۆشایی ، هەلبژاردن ، پۆلین کردن ، ریزبەندی کردن ) ئەمان چین و تایبەتمەندی و کەم و کورتیەکان چین .**




**هیلکاری ژمارە (2) دیارکردنی دەربرینی فێرخواز بۆ وەلامدانەوە**

**هەنگاوی شەشەم/ریزبەندکردنی پرسیارەکان و پێداچوونەوەیان:** کەواباشە سەرەتا لەسەر وەرەقەیەکی مسوەدە (رەشنووس) کۆی پرسیارەکان بنووسێت، پاشان بەوردی پێیاندا بچێتەوە بۆدڵنیابوون لە نەبوونی هەڵەو دانانی نمرەکان بەشێوەیەکی هاوسەنگو بابەتی، ئینجا ژمارەی پرسیارەکان ریزبەند بکات، چەند شێوەیەکیش بۆ ریزبەندکردنیان هەیە، لەوانە بەپێی ناوەرۆك یان جۆری برگە (برگە هاوشێوەکان)یان لەسەر بنەمای لەئاسانەوە بۆ قورس.

**هەنگاوی حەوتەم: جێبەجێکردن و ئەنجامدان:** دوای دڵنیابوونی مامۆستا لە جێبەجێکردنی تەواو ئامادەکاریەکانی، دەبێت باشترین هەلی گونجاو بۆ فێرخوازەکانی برەخسێنێت بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە، لە ئامادەکاری هۆڵ و هاوکاری ستافی مامۆستایان یان کارگێری دیاریکردنی کاتێکی گونجاو بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە.

## جۆرەکانی تاقیکردنەوەکانی بەدەستهێنان test types Achievement

تاقیکردنەوەکانی بەدەستهێنان  بە شێوەیەکی سەرەکی دابەش دەبێت بۆ ئەم سێ جۆری سەرەکی :

یەکەم :تاقیکردنەوەکانی زارەکی(شفهی)      دووەم : تاقیکردنەوەکانی نوسینەکی      سێەم : تاقیکردنەوەکانی کرداری (پراکتیکی)  .

### یەکەم : تاقیکردنەوەی گوتاری Essay Tests

بلاّوترین جۆرەکانی پیوانە بەدەست هێنانە تیایدا مامۆستا پرسیارێك یان زیاتر ئاراستەی فیرخوازان دەکات و دوایان لێدەکات کە لەرێگەی نوسینەوە وەلامی بدەنەوە، وە لەم جۆرە پرسیارانەدا هیچ جۆرە داتا و زانیارییەك بەفێرخواز نادرێت، کە لەکاتی وەلام دانەوە پشتی پێ ببەستێت، بۆیە دەبێت فێرخواز بۆ وەلاّمدانەوەیان پشت بە زانیارییەکانی ناو مێشکی خۆی ببەستێت. وە بەم ووشانە دەست پێدەکات ( باسی بکە ، ڕوونی بکەوە ، ڕاڤەی بکە ، بینوسە ، بەراوردی بکە ، بیژمێرە ، جیاوازی بکە ، وەسفی بکە ، شیتەڵیان بکە )

**جۆرەکانی پرسیاری وتاری :-**

1. وتاری کورت :ئەم جۆرە پرسایارانە پێویستی وەلاّمی درێژ نییە، بەڵکو وەلاّمەکانیان کەورتە یان مام ناوەند بە بەراورد بە وتاری درێژ، هەرچەندە هەمان خەسڵەتیان هەیە .
2. وتاری درێژ :وەلاّمەکانییان درێژە بە گوێرەی داواکاری پرسیارەکەیە کە لە لاپەرەیەك یان دوو لاپەرە یان زیاتری پێویستە بۆ وەلاّمدانەوە

**شێوازی دارِشتنی پرسیاری گوتاری**

| جۆری پرسیار | دستەواژە | نموونە |
|---|---|---|
| وتاری کورت | پێناسە ، ڕاڤە بکە ، بەکورتی ڕوونی بکەوە ، بەکورتی لەسەر بدوێ ، بیانژمێرە ، بیانژمێرە و بەکورتی باسی یەکێکیان بکە پوختە بنوسە | پرسیار/ بە کورتی بەرووبوومە کشتوکاڵیەکانی هەرێمی کوردستان بژمێرە |
| وتاری درێژ | باسیکە ، گفتوگۆ بکە ، بیسەلێنە ، وەسفی بکە ، بە درێژی لەسەری بدوێ ، بەنوونەوە پەیوەندی نێوانیان ڕوون بکەوە ، لەسەر کاریگەری بدوێ | پرسیار/ باسی کاریگەری ڕەگەزەکانی ئاو و هەوا بکە لەسەر ڕووەکی سروشتی.<br>پرسیار/ ئەمانەی خوارەوە ڕوون |

**لە گرینگترین باشی و خاڵە بە هێزەکانی تاقیکردنەوەی گوتاری ئەمانەی لای خوارەوەن:-**

1. لە کات و خەرجی کەمی پێویستە ، زۆر گونجاوە بۆ ئەو گروپ و قۆناغانەی کە ژمارەیان کەمە ،
2. ئەگەری قۆپیەکردن ( گزی ) کەمترە .

3. ئازادی بە فێرخواز دەدات گوزارشت لە بۆچونەکانی خۆی بکات بە گوێرەی داواکاری پرسیارەکە، یان وەتایەکی تر بە گواستنەوەی دەقاودەقی ناو کتێب نابەستێتەوە .
4. هانی فێرخواز دەدات کە زانیاری دەرەکی بخوێنێتەوە ، ئاستی زیرەك و نازیرەکەکان دەردەخات .
5. توانای دارشتن و دەربڕینی فیرخواز بەهێز دەکات، فێری رەخنەگرتن و هەڵسەنگاندنی دەکات.
6. بۆ ئەو کەسانەی کە ( گۆشەگیرن یان شەرمنن ) زۆر باشە، چونکە بە ئارەزووی خۆیان وەڵام دەدەنەوە .
7. کارامەیی نوسین زیاد دەکات ، جیاوازی دەکات لە نێوان فێرخوازی بیرمەند و ئەوانەی کە پشت بە ( لەبەرکردن ) بەبێ تێگەیشتن دەبەستن .

## کەم و کورتی و خاڵە لاوازەکانی تاقیکردنەوەی گوتاری :-

1. گشتگیری لەدەست دەدات،
2. هەڵەچنیی ( سەحدان )ی کاتێکی زۆری پێویستە.،
3. خەت خۆشی و ناخۆشی و ڕازاندنەوەی وەڵامەکان کار لە مامۆستا دەکات لە پێدانی نمرە
4. ئەگەری پرسیارەکان ( دارشتنی ) ڕوون نەبێت فێرخواز تووشی دڵە ڕاوکێ و شۆك دەکات،
5. ئەگەر فێرخوازێك وەڵامی پرسیارێکی نەزانی ئەگەری ئەوەی هەیە کۆی ئەم نمرەییەی لەسەر ئەو پرسیارە دانراوە لە دەستی بدات .
6. فیرخوازان لە وەڵامدانەوەدا زیادە ڕۆیی دەکەن ، بەتایبەتی زیرەکەکان لەبەر مەترسی لە دەستدانی نمرە .
7. هەندیك کات بەخت و چانس و ڕێکەوت ڕۆڵ دەبینێت ،

### بنەماکانی ئامادەکردنی پرسیارەکانی گوتاری:-

1-پێویستە تاقیکردنەوەی وتاری بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو ئامانجانە بەکاربهێندرێ کە ناتوانرێت بەو شێوەیە لە رێگەی تاقیکردنەوەی بابەتیەوە هەڵبسەنگێندرێن.

2-لەبەر ئەوەی تاقیکردنەوەی وتاری پێویستی بە کاتی کەم هەیە بۆ ئامادەکردن و دانانی, بەڵام کاتێکی زۆری دەوێ بۆ هەڵەچنی. بۆیە بەباشی دەزانرێ کە لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا بەکاربهێندرێ:-

أ-ژمارەی فێرخوازەکان کەم بن. ب- کاتێکی کەم هەبێت بۆ ئامادەکردن و دانانی پرسیارەکان.

3-پێویستە هەموو پرسیارەکان روون و ئاشکرا و بێ گرێ بن, وە هەر پرسیارێك تایبەت بێت بە کێشە و گرفتێك.

4-ئەگەر مەبەستی مامۆستا لە تاقیکردنەوەکە هەڵسەنگاندنی گشتی بێت بۆ دەست کەوت و زانیارەکانی فێرخوازەکان, ئەوا نابێت پرسیاری پشت گوێ خراوی (تەرك) تێدا بێت, بەڵکو دەبێت هەموو پرسیارەکان وەڵام بدەنەوە, چونکە هەرچەند فێرخوازێك یەکێك لە پرسیارەکان وەڵام نادەنەوە, واتە هەموویان وەڵامی یەك جۆر پرسیار نادەنەوە.

### بنەماکانی هەڵە چنی پرسیاری گوتاری:-

1- پێویستە مامۆستا وەڵامی نموونەی بۆ پرسیارەکان دابنێت

2- پێویستە مامۆستا نمرە بۆ هەریەك لەو وەڵام و رەگەز و خاڵە راست و گونجاوانە دابنرێت و لەسەر ئەوە هەڵەچنی بۆ وەڵامی فێرخوازەكان بكات.

3- باشترە كە هەرجارەو هەڵەچنی پرسیارێك لە هەموو تیانووسەكان بكرێت, نەك هەموو پرسیارەكانی یەك تیانووس تەواو بكرێت, ئینجا هەموو پرسیارەكانی تیانووسێكی تر.

4- باشتر وایە مامۆستا هەڵەچنی تیانووسەكان (دەفتەرەكان) بكات بەبێ ئەوەی سەیری ناوەكان .

**5**- نابێت مامۆستا لە كاتی هەڵەچنی گرینگی بە جوان نووسی و رازاندنەوەی تیانووس و هێڵ كێشان و وشەی بریقەدار و رەوانبێژی بدات

## دووەم : تاقیكردنەوەكانی بابەتی Objective Tests:-

بریتییە لەو جۆرە پرسیارانەی كە بە كەمترین دەربڕین یان دەستەواژە فێرخواز وەڵامیان دەداتەوە ، ناتوانن بە ئارەزووی خۆیان وەڵام بنوسن ، بەڵكو تەنها وەڵامی داواكراویان لێ داوا دەكرێت . جۆری پرسیاری بابەتی واش هەیە كە تەنها بە ئاماژە یان هێڵ كێشانێك وەڵام دەدرێتەوە ، بۆنموونە وەك ( ڕاست و هەڵە و بەیەك گەیاندن ) كە زیاتر لەم جۆرە پرسیارانە پشت بە توانستی ناسینەوە دەبەستێت ، مامۆستاش لە هەڵبڕینی ( سەحدانی ) ئەم جۆرە پرسیارانەش ناتونێ بكەوێتە ژێر كاریگەری هەست و میزاجی كاریگەری خۆی ، چونكە وەڵامەكان دیاری كراون تاڕادەیەكی زۆر ووردن ، ئەگەر مامۆستایەك یان لێژنەیەك هەڵەبڕی بكات هەر یەك ئەنجامی دەبێت ، هەر لەبەر ئەمەشە كە بە بابەتی ناودەبرێت ، كە گرینكترین جۆرەكانی پرسیاری بابەتی بریتین لە ( بۆشایی ، ڕاست و هەڵە ، هەڵبژاردن ، بەیەكگەیاندن ، ڕیكخست ) .

### لە گرینكترین خاڵە بە هێزەكانی پرسیاری بابەتی ، بریتییە لە :-

1. لەم جۆرە پرسیارانەدا وەڵامەكان ڕوون و ئاشكرا دەبن و دوور دەبن لە تەم و مژاوی و نادیاری .
2. لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت هەڵسەنگاندن بكرێت بۆ زۆربەی بابەتەكانی وانەكە و ژمارەییەكی زۆر پرسیار بهێنرێتەوە .
3. بوار بە فێرخواز نادات بەئارەزووی خۆی شت بنوسێت و لە بابەتەكە دەربچێت ، واتا وەڵامەكان سنوردارن و دەبێت فێرخواز پابەند بێت پێیان .
4. لەم جۆرە پرسیارانەدا مەزاج و حەز و ئارەزووی مامۆستا ڕۆڵی ناوێت و هەڵەچنی زۆر بە بابەتیانە ئەنجام دەدرێت و فێرخواز مافی خۆی وەردەگرێت ، وە زۆر بەووردی نمرە دادەنرێت بۆ هەموو پرسیارەكان و لقەكان .
5. ئاسانە بۆ مامۆستاو فێرخواز و بەڕێوەبەر ، لەبەر ئەوەی تەمو مژاوی نییەو هەڵەچنی دوورە لە مەزاجی خودی مامۆستا و سەرئێشە و كێشە دروست ناكات بۆ هیچ لایەك .
6. جوان نووسی و ڕازاندنەوە هیچ ڕۆڵیان نابێت لەسەر دانانی نمرە و كەس مافی ناخورێت ، واتا تەنها نمرە لەسەر وەڵامە ڕاستەكان دادەنرێت .

### خاڵە لاوازەكانی پرسیاری بابەتی :-

1. توانای نووسینی و دەربڕینی فێرخواز لاواز دەكات ، چونكە بواری نابێت بە ئارەزووی خۆی بنوسێت .

2. ئامادەکردنی گرانە و تێچووی زۆرە لەڕووی کات و تواناوە ، چونکە پێویستی بەکاتی زۆرە بۆ ئەوەی پرسیار لە هەموو بەش و بابەتەکان بهێنرێتەوە .
3. بەئاسانی دیاریدەی گزی ( قۆپییە ) کردن و گواستنەوەی زانیاری لەنێوان فێرخوازاندا لە هۆڵی تاقیکردنەوەدا ڕوودەدات ، لەبەر ئەوەی پێویستی بە توانای باش ( مامۆستای باش ) هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی هۆڵەکە .
4. ئەوەی پێوانەی دەکات تەنها توانای بە یاد هاتنەوەو تێگەیشتنە و ناتوانرێت توانای شیکردنەوە و ڕاڤە کردن و پێکهێنان و هەڵسەنگاندنی فێرخواز پێوانە بکات کە لەئاستە باڵاکانی هەڵسەنگاندنن .
5. زۆر بە خراپ بەراوردی ئاستی فێرخوازان یان بە واتایەکی تر جیاوازی تاکایەتی دەردەکەوێت ، چونکە هەندێ جار لاوازەکانیش نمرەی باش و نزیك لە زیرەکەکان بە دەست دەهێنن بەهۆی پشت بەستن بە خەملاندن .
6. ناتوانرێت بۆ دەست نیشانکردنی ئاستی هاتنەدی ئامانجە مەعریفییەکان زۆر پشتی پێ ببەسترێت .

## جۆرەکانی پرسیاری بابەتی:-

### یەکەم/ <u>ئەوتاقیکردنەوە و ئەزمونانەی کە پێویستییان بە وەڵامی کورتە ( پڕۆشایی) :-</u>

هەندێك تاقیکردنەوە و پرسیار هەیە کە دەکەوێتە نێوان پرسیاری وتاری و پرسیاری بابەتی ، ئەویش ئەو پرسیارانەیە کە پێویستیان بە کورتە وەڵامە ، کە جاری وا هەیە وەڵامەکە ( وشەیەکە یان مێژوویەکە یان ناوی داهێنەر و نووسەر و شاعیرێکە یان هێما و ژمارەییەکە .... هتد ) کە دەبێت فێرخواز بیان نووسێت .

کە ئەم جۆرە پرسیارانەش دوو شێوازی هەیە :-

ا. شێوازی پرسیار :- لەم شێوازەدا کورتە پرسیارێك دەکرێت و لەسەر فێرخوازە وەڵامێکی کورت بداتەوە ، بۆ نموونە

پرسیار/ کێ کارەبای دۆزییەوە ؟ پرسیار/ لە چ ساڵێك ڕاپەڕینەکەی کوردستان ڕوویدا ؟

ب. شێوازی تەواو کردن :- لەم شێوەزەدا ڕستەیەك یان دەستەواژەیەك دەنوسرێت بەڵام مانای تەواو نادات بەدەستەوە ، بەڵکو پێویستی بە ( ووشە یان ژمارە یان هێمایەکە .....هتد ) هەیە کە لەبۆشاییەکەدا بنوسرێ بۆ ئەوەی ڕستەکە تەواو بێت ، بۆ نموونە

پرسیار/ پلەی گەرما بە ئامێرێ دەپێورێ دە پێی دەڵێن ..................

پرسیار/ سەرەتای ڕاپەڕینەکە ، واتا دەروازەی شاری ................ بوو

- کە لە جۆری یەکەمدا هیچ ووشە و زاراوە و هێمایەك نادرێت بە فێرخواز بەڵکو دەبێت خۆی بۆشاییەکە پڕبکاتەوە ، بەڵام لە جۆری دووەمدا ژمارەییەك ووشە و زاراوە و هێما لە کۆتایی بۆشاییەکە بۆ فێرخواز دەنوسرێت و ئەویش هەلچیان دەبژێرێ و بۆشاییەکەی پێ پڕدەکاتەوە .
- وە ئەم جۆرە پرسیارانە بە زۆری بۆ پێوانە کردن و هەڵسەنگاندنی ( یاد کردنەوەی ماناکان و زاراوەکان و ناو و هێما و ژمارە و شوێن و مێژوو ........ هتد ) بەکاردێت ، هەروەها لەبواری ( جەبر و ئەندازە و کیمیا و فیزیا و کۆمپیوتەر ....... هتد ) سودی لێوەردەگیرێت .

لەم جۆرە پرسیارانەدا داوا لە فێرخواز دەکرێت کە ڕستە و دەستەواژە ناتەواوەکان تەواو بکەن ، کە لەڕێگەیەوە دەتوانرێت تواناکانی ( یادکردنەوە و بەستنەوەی چەمکەکان ، هێما ، زاراوە ، ژمارە ، شوێنی جوگرافی و ناو ) تاقی بکرێتەوە ، وە پێویستە کە

ڕستەکان سادە بن و تەنها یەك وەڵام لەخۆ بگرن ، نەك بە زیاتر لە شێوازێك وەڵام بدرێنەوە یان بۆشاییەکە پڕبکرێتەوە تاوەکو هەلی خەملاندن بە فێرخواز نەدرێت. بۆ نموونە

پ/ ............ پایتەختی هەرێمی کوردستان

پ/ پرۆژەی بەنداوی دەربەندیخان دەکەوێتە سەر ڕووباری ............

پێویستە لەکاتی دانانی پرسیاری بۆشایی لەلایەنی زانستی و دارشتنەوە ڕەچاوی چەند خاڵێك بکرێت ، کە کاریگەریان لەسەر شێواز و جۆری وەڵام دانەوەی فێرخواز هەیە ، لەوانە :-

1. پێویستە پرسیارەکە بەشێوەیەکی ڕاست و ڕەوان دابڕێژرێت و کورت بێت ، یەك وەڵام لەخۆ بگرێت ، زاراوەکە لەلای هەموو فێرخوازان هەمان مانا بگەیەنێت .
2. وا باشترە لە شێوەی پرسیار بێت نەك تەواو کردنی ڕستەیەکی ناتەواو .
3. وا باشترە ئەو ووشەیەی کە داوا دەکرێت بۆ تەواو کردنی بۆشاییەکە ، زانیاریەکی گرینگ بێت نەك ڕستەیەکی کورتی بێ مانا یان ووشەیەکی سادە بێت .
4. بۆشاییەکە بخرێتە شوێنێك کە مانای پرسیارەکە تەواو بکات نەك لە ڕووی ڕێکخستنەوە ناتەواو بێت .
5. دەکرێت لە پرسیارێکدا زیاتر لە بۆشاییەك بێت ، بە مەرجێك زانیارییەکان پەیوەندیان بە یەکەوە هەبێت و یەکتری تەواو بکەن ، نەك داوای دوو زانیاری بکرێت کە هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نەبێت .

## دووەم / هەڵبژاردن Multiple- Choices Test :

بڕگەکانی ئەم جۆرە پرسیارانە تایبەتە بە گرفتێك کە لە ڕێگەی ڕستەیەکەوە یان زیاتر لە ڕستەیەك دەخرێتە روو کە پێی دەڵێن بناغەی (ئەسڵی ) بڕگەکە ، دواتر لە بەرانبەر یان لە ژێر ئەو گرفتە ژمارەیەك وەڵام و ڕێگە چارە وەك ( بدائل) دادەنرێن کە یەکێك لەو وەڵامانە یان زیاتر لە وەڵامێك ڕاست و گونجاون ، ئینجا داواله فێرخواز دەکرێت کە ڕاسترین وەڵام یان ڕێگا چارەی گونجاو بۆ ئەو گرفتە هەڵبژێری . بە وەڵامەکان دەگوترێ ( جێگرەوەکان ) (بدائل) کە بە شێوەیەکی گشتی ژمارەیان لە نێوان (3-5) دانەیە . بناغەو بڕگەی سەرەکی بە شێوەی پرسیار یان لە سەر شێوەی بڕگەیەکی ناتەواو دادەڕێژرێت .

**بوارەکانی پرسیارەکانی هەڵبژاردن لەچەند دانەیەك :-**

ئەم جۆرە پرسیارانە باشترین جۆری پرسیارەکانی بابەتین ، هەر لەبەر ئەوەشە کە زۆربەی زیرەکی پێوە جیهانیەکا ن وتاقیکردنەوەو ئەزموونەگشتیەکان لەم جۆرە پرسیارەیەوبەزۆری بەکاردەهێنرێن . لە توانای ئەم جۆرە پرسارەدا هەیە کە پێوانەی زۆربەی توانستە عەقلیەکانی پۆلێنەکەی بلوم (یادکردنەوەی زانیارییەکان ، تێگەیشتن ، پراکتیزە کردنی پرانسیپ و گشتاندنەکان و تەنانەت شێتەڵکردنوەی زانیارییەکانیش )بکات .

**باشیەکانی پرسیارەکانی هەڵبژاردن لە چەند دانەیەک :-**

1- ئەم جۆرە پرسیارە پێوانەی زۆر توانستی عەقڵی دەکات لە کاتێکداکە پرسیارەکانی راست و هەڵە یان بەیەک گەیاندن ،ناتوانن پێوانەیان بکە .

2- زۆر بە بابەتیانەو راستگۆیانە هەڵەچنی وەڵامەکان دەکرێت .

3- ئەم جۆرە پرسیارە کەمتر لە راست وهەڵە بوارو چانسی خەملآندنی تێدایە .

**کەم وکورتیەکانی پرسیارەکانی هەڵبژاردن لە چەند دانەیەک :-**

1- دانان و ئامادەکردنی ئەم جۆرە پرسیارانە زەحمەتترە لە دانان و ئامادەکردنی پرسیاری راست وهەڵە وبەیەک گەیاندن .

2- کاتێکی زۆری دەوێت بۆ خوێندنەوەو وەڵامدانەوەیان ، ئەگەر بەراورد بکرێت بە پرسیارەکانی راست وهەڵە .

3- ئەگەر بە رێژەیەکی کەمیش بێت ، فێرخواز دەتوانێت خەملآندن بکات و هەندێك نمرەکە مافی خۆی نیە دەستی بکەوێت .

**بنەماکانی ئامادەکردنی  پرسیارەکانی هەڵبژاردن لە چەد دانەیەک :-**

**أ- تایبەت بەبڕگەی سەرەکی (ئەسڵی بڕگەکە ):-**

1- پێویستە بڕگەی سەرەکی واتە ئەسڵی بڕگەکە لە یەك گرفت و كێشە پێك بێت و فێرخواز بە ئاسانی لێی تێبگات.

2- پێویستە بڕگەی سەرەکی پوخت و کورت بێت ودرێژدادڕی و زیادەڕۆیی تێدا نەبێت.

3- ئەگەر پێویستی کرد کە وشەیەك یان زیاتر لە وشەیەك لە سەرەتای هەر وەڵامێك دووبارە ببێتەوە . ئەوا دەبێت ئەو وشانە بۆ بڕگەی سەرەکی بگوزرێتەوە .

4- باشترە کە نەرێ(نفی ) لەم جۆرە پرسیارەدا نەبێت ، وە ئەگەر تیایدا بوو ئەوا دەبێت هێڵێکی بە ژێردا بهێنرێت ، بۆ ئەوەی فێرخواز بە ئاگابێت بۆی وە نابێت بە هیچ شیوەیەك (نەرێ، نەرێ ، نفی ، نفی ) تێدا بێت چونکەدەبێتە هۆی سەر لێشێواندنی فێرخواز بە تایبەتیش زیرەکەکان .

5- دەبێت ئاگاداری رێزمانی بین ، واتە نابێت لە کاتی دانانی پرسیارەکان وشەیەکی تێدا بێت کە ئاماژە بۆ (کۆ ) ، لە هەمان کاتدا لە وەڵامەکاندا تەنها یەك دانە بە شێوەی (کۆ )هەبێت ، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە فێرخواز یەکسەر وەڵامی راست بزانێت یان لە لایەکی ترەوە راناوی کەسی یەکەم لە هەردوو لا هەبێت (پێشەکی و وەڵامەکان) .

**ب-تایبەت بە وەڵامەکان (بدائل) :**

1- پیویستە وەڵامەکان بە شێوەیەك دابڕێژرێت کە یەك وەڵامیان راست بێت یان لە هەموویا راستترو گونجاوتر بێت و مشت و مڕو بگرەو بەردەی نەوێت .

2- پێویستە کە هەموو وەڵامەکان نزیکبن لە یەکتری و تەواکەری یەکتری بن هەر هەموویان تایبەت بن بە هەمان بوارو گرفت ، بۆ نموونە هەر هەموویان تایبەت بن بەیەك قۆناغی مێژوویی یان یەك بواری زانستی یان یەك ناوچەی جوگرافی

3- پێویستە وەڵامەکان بە جۆرێك دابڕێژرێن ، کە فێرخواز وا بزانێت هەر هەموویان ڕاستە و سەرنجی فێرخوازەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشی .
4- پێویستە ئەو وشەو زاراوانەی کە لە وەڵامە هەڵەکاندا بەکاردەهێندرێت ، ناسراو بن و فێرخواز پێیان نامۆ نەبێت و نزیك بن لە ئەو وشەو زاراوانەی کە لە وەڵامە ڕاستەکاندا بە کاردەهێندرێن .

.

## سێیەم/ ڕاست و هەڵە True-False Answers Test:

بریتین لەو ڕستە و دەستەواژانەی کە مامۆستا بۆ فێرخواز دەیهێنێتەوە کە هەندێکیان ڕاست و هەندێکی تریان هەڵەن کە لەبەردەم هەر دەستەواژەیەك دادەنرێت ، یان دەکرێت بە زاراوەکانی ( بەڵێ و نەخێر )یش وەڵام بدرێنەوە. وە لەم جۆرە پرسیارانەشدا چانسی خەملاَندن بۆ فێرخواز (50٪)یە، چونکە ڕاستە یان هەڵەیە .

### لایەنە باشەکانی ( ئەرێنی )یەکانی پرسیاری ڕاست و هەڵە :

1. بە ئاسانی هەڵچنی دەکرێت .
2. دانانی نمرەکان و هەڵەچنی زۆر بە بابەتیانە دەکرێت .
3. دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە زۆرترین پرسیار بهێنرێتەوە زۆربەی بەش و لایەنەکانی بابەتەکە بگرێتەوە .

### لایەنە نەرێنییەکانی پرسیاری ڕاست و هەڵە :

1. بوار و چانسی خەملاَندن (50٪) یە .
2. تەنها ئاستە نزمەکانی پۆلێنی بلوٚم پێوانە دەکات بە تایبەتی ناسینەوە و یادکردنەوەی زانیارییەکان و لە توانایدا نییە کە پێوانەی توانستە بەرزەکان بکات.

نموونە /

- ئاو لە 100 پلەی سەدی دەکوڵێت ڕاستە ☐ هەڵەیە ☐

- ڕووی زەوی 79٪ ی ووشکانییە ڕاستە ☐ هەڵەیە ☐

### بنەماکانی دانانی پرسیارەکانی ڕاست و هەڵە:-

1- پێویستە کە برگە و پرسیارەکان بە جۆرێك دابندرێت کە بە تەواوی ڕاست بێت یان بە تەواوی هەڵە بێت و هیچ بوارێکی بۆمشت ومڕ و گومانی تێدا نەبێت.
2- پێویستە لەو برگەو دەستەواژانە دووربکەوینەوە کە دوو بیرۆکەی لەخۆ گرتووە بە تایبەتیش کاتێك یەکێك لەو دوو بیرۆکەیە ڕاست بێت و ئەیتریان هەڵە بێت.

3- باشتر وایە لەو پرسیار و دەستەواژانە دووربکەوینەوە کە (نەرێ) (نفی) ی تێدایە, ئەگەر بەکاریش هات ئەوا دەبێت هێڵی بەژێردا بهێنرێت,

4- نابێت بەردەوام پرسیار و دەستەواژەی راستەکان درێژتر یان کوورتر بن لە دەستەواژە هەڵەکان, چونکە ئەوە دەبێت بە هۆکارێك بۆ ئەوەی فێرخواز بگاتە ئەو دەئەنجامەی کە هەرچی وەڵامی راستە درێژ ترە یان کورتترە,واتە لە رێگەی درێژی و کورتیەوە وەڵامە راست و هەڵەکان دەزانێت, نەك لە رێگەی زانیاری و تێگەیشتنەوە.

5- نابێت برگەو دەستەواژەکانی ناو کتێب و مەلزمەکان وەك خۆی گوێزرێتەوە و بکرێتە پرسیار, چونکە ئەوە دەبێت بە هاندەر بۆ ئەوەی فێرخواز فێری ئەزبەرکردن (دەرخ) ببێت نەك تێبگات.

## چوارەم / بەیەکگەیاندن :-

پرسیارەکانی بەیەکگەیاندن بریتییە لە دوو لیست کە یەکێکیان پێشەکیەکانە و ئەوی تر وەڵام دانەوەکانە، کە رێنماییەکانی بەیەکگەیاندن وا لە فێرخوازان دەگەیەنێت کە ڕەگەزەکانی لیستی یەکەم بە ڕەگەزەکانی لیستی دووەم بگەیەنێ ، کە ئەم جۆرە پرسیارانە بۆ هەڵسەنگاندنی ناسینەوە و ئەو زانیاریانەی کە پەیوەندیان بە یەکەوە هەیە و یەکتری تەواو دەکەن گونجاوە ، وەك ( کەسایەتی و بەرهەمەکانیان یان داهێنانەکانیان ) و ( ڕووداو و مێژوو ) و ( پێناسە و چەمکەکان ) و ( وشە و ماناکانیان ) و ( دەوڵەت و پایتەختەکانیان ) و ( زانا و تیۆرییەکانیان) و ( ناوی توخم و شێوەی کیمیاوی ) و ......

وە لەم جۆرە پرسیارانەدا مەرج نییە ژمارەی هەڵبژاردنەکان لە هەردوو لیست وەکو یەك بن ، وا باشترە ( بەپێی قۆناغ و ئاستی ژیری ) دانەیەك یان دوو دانە لە وەڵامەکە زیاتر بن ، بۆ ئەوەی فێرخواز پشت نەبەستێت بە خەملاندن ، ئەگەر ژمارەیان وەکو یەك بێت ئەوا وەڵامی دوو دانە ئاشکرا دەبێت و دەزانێت . بۆ نموونە

<u>ئەندامەکانی لەش فەرمانەکانیان</u>

| | |
|---|---|
| 1- ددان | ا- بیستن |
| 2- چاو | ب- بۆنکردن |
| 3- گوێ | ج-هەناسەدان |
| 4- لوت | د- خواردن و لەت کردن |
| | هـ- بینین |

### لایەنە باشەکانی ( ئەرێنی) پرسیاری بەیەکگەیاندن :-

1. ئەگەر وەڵامەکان گەنجاو و لەبار بن بۆ پێشەکیەکانیان ئەوا کەمتر بوار بە فێرخواز دەدات تاوەکو خەملاندن بکات و نمرە بەدەست بهێنێت .
2. دانانی ئاسانتر و خێراترە ، رووبەر و شوێنی کەمتر لەسەر کاغەز ( لەکاتی چاپکردن ) داگیر دەکات .
3. لەکاتی خوێندنەوە و وەڵام دانەوەی ئەم جۆرە پرسیارانە کاتی باش دەگەڕێنێتەوە بۆ فێرخواز .

## لایەنە نەرێنییەکانی پرسیاری بەیەکگەیاندن :-

1. ئەم توانستەی ئەم جۆرە پرسیارانە پێوانەی دەکات کەم و سنوردارن بۆ پێوانەکردنی توانستەکانی ( پراکتیزەکردن و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن ) ناگونجێت .
2. لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە پرسیارانە پێویستی بە دوو لیست ( کۆمەڵ ) لە زانیاری هەیە کە پەیوەندی لە نێوانیان هەبێت و تەواوکەری یەکتر بن ، بۆیە زۆر بە کەمی بەکاردەهێنرێت و بۆ زۆر بابەت گونجاو نییە و ناتوانرێت پێوانەی بچوك و یەکە سەربەخۆکان بکات .

## بنەماکانی دانانی پرسیاری بەیەك گەیاندن:-

1- پێویستە یەکە و برگەکانی پێشەکیەکان گونجاو و هاورێك بێت لەگەڵ برگەو یەکەکانی وەڵامەکان و تایبەت بن بەهەمان بابەت کە بە وانەیە پێشەکی و وەڵامەکان تایبەت بن بە رووداوی مێژووی نزیك لەیەك یان بەرهەم و دانانی ژمارەیەك زانا و داهێنەری یەك بواری زانستی بن.

2- نابێت ژمارەی پێشەکیەکان یەکسان بێت لە ژمارەی  وەڵامەکان چونکە ئەمە دەبێتە هۆی زانینی دواهەمین دانە, دوای زانینی ئەوانی تر, لەبەر ئەوە ئەگەر پێشەکیەکە چوار دانە بوو ئەوا دەبێت وەڵامەکان  پێنج دانە بن.

3- تا دەتوانرێت وەڵامەکان کورت و پوخت بن.

4- باشتر وایە کە ژمارەی پێشەکیەکان لە چوار دانە زیاتر نەبن وە ژمارەی وەڵامەکانیش لە پێنج, وە ناشبێت لەوە کەمتر بن.

## پێنجەم / دوو بارە دارشتنەوە یان ڕێکخستن و ریزکردن :-

بریتییە لەو جۆرە پرسیارانەی کە بەشێوازێکی نەگونجاو یان هەڵە ڕیز دەکرێت یان دادەنرێت ، داوا لە فێرخواز دەکرێت بەشێوەیەکی ڕاست جارێکی تر ڕێکیان بخاتەوە ، ئەویش بەپێی جۆری و زانیاری پرسیارەکە . بۆنموونە ئەگەر زانیاریەکە ڕستەیەك بوو بەشێوەیەکی تێکەڵ و نادروست دانرابوو یان چەند ڕووداوێکی بەپێی مێژووی ڕوودانیان پێویست بوو ڕێز بکرێنەوە یان پێکهاتەی جەستە یان ژمارە لە گەورەوە بۆ بچوك و بە پێچەوانەوە یان هەر زانیاریەکی تر کە بەپێی ڕوودان و جێبەجێکردنی پێویستی بە قۆناغ و ڕیز بەندی هەبوو ، دەکرێت لە چوارچێوەی ئەم جۆرە پرسیارانەدا جێ بگرێت ، خەسڵەتی ئەم جۆرە پرسیارانەش لەوەدا کورت دەبێتەوە کە لەسەر بیر هاتنەوە و بەیەکەوە بەستنەوەی زانیاریەکان وەستاوە ، بۆ پێوانەکردنی ئاستە باڵاکان نەگونجاوە .نموونە

پ/ ئەم ڕستانە بەشێوەیەکی ڕاست ڕێکبەخەوە .

ا- بە ، جوانە ، مرۆڤ ، نەرمونیانییەوە .     ب- ڕازاوەیە ، کوردستان ، بەهاری ، خۆش ، و  .     ج-  ئەم ژمارانە لە بچوکەوە بۆ گەورە ڕیز بکە ( 9 ،5 ، 4 ، 7 ، 6 ، 8 ) .

## سێیەم : پرسیاری زارەکی (الاختبارات الشفویه ) The Oral Tests the Practical Test

هەندێك جار پرسیارە نووسراوەکان (گوتاری و بابەتی ) ئامانجی مامۆستا ناپێکێت ، بۆیەناچار دەبێت کە پەنا بۆ جۆرێکی ترلە پرسیار ببات ئەویش پرسیاری زارەکیە . پرسیاری زارەکی ئەو جۆرە پرسیارەیە کە خوێندنەوەو نووسینی تێدا بەکارناهێنرێت ، بەڵکو تەنها پرسیار لە فێرخواز دەکرێت و پێویستە فێرخواز بە دەم (زار ) وەڵامی مامۆستا بداتەوە ئیتر بەبی ئەوەی یەك وشە بنووسێ یان بیخوێنیتەوە بە زۆریش ئەم جۆرە پرسیارانە لە ئەو شێوەیەیە کە وەڵامی درێژ یان کورتی پێویستە ، بە دەگمەن لە ئەو جۆرەیە کە وەلاّم هەڵبژێری واتا (بابەتی) بێت .

بەزۆریش پرسیاری زارەکی تاکیە ( فردی ) واتە لە یەك کاتدا پرسیار تەنها لە فێرخوازێك دەکرێت و ناتوانرێت بدرێت بە ژمارەیەك فێرخواز، لە بەرئەوەی وەلاّمەکە دەزانرێت و ئەوانی تریش هەمان وەلاّم دەدەنەوە ، هەر لە بەرئەوەشە کە ئەم جۆرە پرسیارانە ناتوانێ هەڵسەنگاندنی گشتی بۆ هەموو فێرخوازەکان بکات و بەیەکتریان بەراورد بکات ، لەبەرئەوەی هەموویان وەلاّمی چەند پرسیارەکی هاوبەش نادەنەوە، بەڵکو هەریەکەیان وەلاّمی پرسیارێك دەداتەوە کە جیاوازە لە پرسیاری فێرخوازێکی تر ، ئەمەش وا دەکات کە پرسیاری هەندێك فێرخواز سوك بێت و هەندێکی تر یان قورس و ئەوانی تر مامناوەندی بێت ، سەرەڕای ئەوەش ئامانجی پرسیارەکان جیاواز دەبێت .

هەرچەندە پرسیاری زارەکی ئەو کەم وکورتیانەی هەیە ،بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا هەتاوەکو ئیستا هەر بەکاردەهێنرێت و رۆڵی خۆی هەیە لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا و ناتوانرێت پشت گوێ بخرێت ،لەبەرئەوەی تەنها ئامرازو کەرەستەیە بۆ پێوانەکردن و هەڵسەنگاندنی توانای قسەکردن و دەستنیشانکردنی کەم و کورتی زمان و پێوانەکردنی توانای نوسینی نیە ، هەروەها هەڵسەنگاندن و پێوانەکردنی توانای فێربوونی منداڵی بچووك کە توانای نوسینی نیە ، هەروەها هەڵسەنگاندن و پێوانەکردنی تواناکانی کەسانی نەخوێندەوار .

## چوارەم : پرسیارەکانی پراکتیکی ( الاختبارات العملیه )

جۆرێکی تر لە پرسیار ، کە وەك کەرەستەو پێوانەکار بەکاردەهێنرێت بۆ پێوانەکردن و هەڵسەنگاندنی توانای فێرخواز ، پرسیاری پراکتیکیە . ئەم جۆرە پرسیارە گونجاوە بۆ پێوانەکردنی شارەزایی و کارامەییەکان (مهارات) کە پێویستە لە گۆرەپانی کارکردن و لە کای بە ئاکام گەیاندنی چالاکییەکاندا بەرجەستە ببن . بۆ نموونە چالاکی و شارزاییەوەرزشی وهونەری و پیشەسازی و کشتوکاڵیەکان ناتوانرێت لە رێگەی پرسیاری گوتاری و بابەتی و زارەکییەوە پێوانە بکرێت ، بەڵکو دەبێت لە رێگەی پرسیاری پراکتیکیەوە و لەگۆرەپاندا پێوانەی شارەزایی و لێهاتوویی ( وەرزشی ، وێنەکێشان ، مۆسیقا ژەنین ، دروست کردنی نەخشە ،کشت وکاڵ ،پیشەسازی ، چێشت لێنان ، کاری دەستی ، ماشێن لێخورین ،چاپکردن ،....... هتد ) بکرێت .

**********************************************************************************************

**بەهیوای سوود وەرگرتن**